

ئاشنابوون بە

# شۆپنهاوەر

کۆمەڵێک نوسەر

تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

ئایدیا

گۆڤارێکی فکریی فەلسەفییە،
گرنگی بە لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان دەدات
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٤١)
تشرینی دووەمی ٢٠١٣ ساڵی نۆیەم


خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا

سەرنوسەر: ئەنوەر حسێن
a.bazgr@gmail.com
٠٧٧٠١٥٣٥٠٢٩

جێگری سەرنوسەر: لوقمان رەئوف
lukmanraoof@yahoo.com
٠٧٧٠١٣٦٩٧٩٢

دەستەی نووسەران:
شاسوار کەمال...پێشڕەو محەمەد
مەجید مارابی...ڕێباز مستەفا
هاوار محەمەد

تایپ و هەڵەچن:
باوان عومەر، دیلان دڵشاد
بەڕێوەبەری پەیجی فەیسبوک:
باوان عومەر، سەروەت تۆفیق
بەڕێوەبەری سایت: ئاراس حەسەن
چاپ: چاپخانەی کارۆ

بەڕێوەبەری هونەری:
هەرێم عوسمان

چاپ: چاپخانەی کارۆ.... تیراژ: ١٠٠٠ دانە ... نرخ: ٤٠٠٠ دینار

# فەلسەفەی هونەر لای شۆپنهاوەر

پێشڕەو محەمەد

## کەس و کات

شۆپنهاوەر (1788–1860) یەکێکە لە مەزنترین فەیلەسوفە پڕهەژموونەکانی نێو مێژووی فەلسەفە، کە لە دیسپلینە جیاجیاکانی وەکو مۆراڵ، ئێپستیمۆلۆگی، ئەدەبیات، هونەر و پسیکۆلۆگیدا کاری کردووە، یەکێکە لە مەزنترین فەیلەسوفە کلاسیکییەکانی ئاڵمان. ئەو لە شاری دانتزیکی ئاڵمان، لە باوکێکی دەوڵەمەند و دایکێکی نووسەر (جوانا شۆپنهاوەر) هاتە جیهانەوە، لە ساڵی 1805، باوکی خۆی کوشت و دایکیشی رۆیشتە ڤایمار. شۆپنهاوەر دژی شووکردنەوەی دایکی بوو ، هەر ئەمە و چەند ئەزموونێکی دیکەی تاڵ لەتەک ژناندا، بووە هۆی ئەوەی فەلسەفەکەی ئاراستەیەکی ئەنتی ژنانە وەربگرێت. شۆپنهاوەر لە سەرەتادا پەیوەندی لەتەک هێگل و گۆێتەی شاعیردا هەبووە، بەڵام دواتر بووەتە دژبەری سەرسەختی هێگل و لە چەندین شوێندا بە سەختی کەوتووەتە دژایەتیکردنی و زۆرجار وتوویەتی گەر رۆژێک ویستت کەسێک گەمژە بکەیت، باشترین شت ئەوەیە کتێبەکانی هێگلی بدەیتێ بیانخوێنێتەوە، هەروەها گوتوویەتی هێگل دوایین گەمژەی ئاڵمانییە، بەڵام سەرباری ئەمانە، لە هزری کانتەوە زۆر نزیک بووە و ئێپستیمۆلۆگییەکەی، بە هەندێک گۆڕانتێداکردنێک، لەسەر ئێپستیمۆلۆگی کانت دامەزراندووە، پاشان بەهۆی هاوڕێیەکییەوە بە ناوی فرەدریش مایەر، لەتەک هزری خۆرهەڵاتیدا ئاشنا بووە، بەتایبەت بوداییزم و هیندووییزم، و لە زۆر شوێندا گوتوویەتی ئەو سەرەنجامانەی ئەم لە فەلسەفەکەیدا پێیگەیشتووە،

پێشووتر هیندییەکان، بێگومان بە مێتۆدێکی جیاوازتر، پێیگەیشتبوون.

ساڵی 1813 تێزی دوکتۆراکەی ناونیشانی: لەبارەی ریشە چوارییەکانی پرەنسیپی هۆکاری بەسی . نوسی ئەم کتێبە کەمتر وەکو شاکارێکی کلاسیکی سەیر دەکرا. شۆپنهاوەر تەمەنی لە بیست ساڵاندا بوو، کە شاکارەکەی: جیهان وەکو ویست و وێناکردن ی لە 1818 بڵاوکردەوە. ئەو باوەڕیی وابوو ئەم کتێبە چارەسەری بۆ دیلێما ی جیهان دۆزیوەتەوە، بەڵام تووشی سووڕمان هات کاتێک بینی هیچ کەسێک ئەوەندە بە گرنگییەوە رووینەکردوەتە ئەم کتێبە. ئەو ئیدی نەیدەزانی گەرەکە چی بکات. دوای ماوەیەکی درێژ لە بێدەنگی، ساڵی 1836 کتێبێکی بچووکی نووسی: لەبارەی خواست لە سروشتدا ، تا نیشانیبدات، کە پرۆسیسی گەشەسەندنی زانستەکان، جەخت لەسەر بەڵگاندن و پرەنسیپەکانی ئەو دەکەنەوە. ئەو کات دوو کتێبی بچووکیشی لەبارەی ئێتیک بڵاوکردەوە: لەبارەی ئازادی ویست (1841) و بنەڕەتەکانی مۆراڵیتی ، بەڵام هەرچۆنێک بێت، دوای ماوەیەکی زۆر لە بێدەنگی نووسەران و سکۆلارەکان سەبارەت بە شاکارەکانی، لە ساڵانی کۆتایی ژیانیدا، بەر لەوەی لە تەمەنی حەفتا و دوو ساڵیدا چاو بەڕووی جیهاندا دابخات، ناووبانگی بە جیهاندا بڵاوبووەوە.

### سەرەتاگری فەلسەفە هونەرییەکەی شۆپنهاوەر

شۆپنهاوەر لە کتێبی «جیهان وەکو ویست و وێناکردن»دا دەبێژێت ئەم جیهان خراپە، جیهانی دڕندەیی و بەربەریزمە، پڕە لە هاوار و شیوەنی ئەو داماوانەی وردوخاش دەبن و هەراوزەنای ئەو بەهێزانەی ئەم داماوانە وردوخاش دەکەن. ئەمەش هەمیشە لە هەموو چرکەساتێکی ژیانی سروشتی نێو جیهان و لە ژیانی کۆمەڵایەتیشدا دێتەپێشێ. ویست، برێتییە لە دڵڕەقی و توندوتیژی و کوشتن و ئەشکەنجەدان. ئەگەر ئەمە تەنها دەرکەوتنی جیهانی شاراوە بێت، ئەی خودی جیهان دەبێت چی بێت؟ لێرەوە تێدەگەین بۆچی شۆپنهاوەر هونەر پێشنیار دەکات بۆ رزگاربوون، چونکە لە روانگەی ئەودا هونەر ویست نییە.

وەکو لەسەرەوە وتمان، شۆپنهاوەر باوەڕییوایە ئەگەرچی راکردن لە بەربەریزم و دڕندەیی و خەمەکانی جیهانی وێناکردن سەختە، بەڵام نەشیاویش

نییە. سەرباری ئەمە جیهان تەواو بێ واتایە، چونکە لە تێڕوانینی ئەودا، جیهانی ئەزموونگەریی هیچ واتا و ئامانجێکی نییە، چونکە لە خودی خۆیدا هیچە. لەبەرئەوەی بەندە لەسەر سەبژێکت (زات)، مرۆڤیش بە هەرچەشنێک بێت، حەزەکان و ویستەکانی ئاراستەی چەشنە هزرینێکن، کە ئەو بوونە بەدەر بێت لە بوونی ئێمە. شۆپنهاوەر دەبێژێت مرۆڤ نەگەرەکە بەمجۆرە بۆچوونانە بخەڵەتێت، پێویستە خۆی لەمانە رزگار بکات. ئەو بەمجۆرە کارە دەبێژێت خۆدوورخستنەوەی ویستی مرۆڤ لە جیهان و ئەم ئیشەی بە دوائامانجی فەلسەفە داناوە. وەکو لەسەرەوە گوتمان، شۆپنهاوەر تا ئاستێکی زۆر نزیک بوو لە هزری هیندووییزم و بوداییزمەوە، ئەم تێڕوانینەش نزیککەوتنەوەیە لە نیرڤانای ئەم ئایین/فەلسەفانەی خۆرهەڵات.

شۆپنهاوەر کینەیەکی زۆری بەرانبەر بە جیهان هەیە، بەلای ئەوەوە جیهانی زیندەوەران پڕمەترسییە. زۆرینەی زیندەوەران لەسەر راوکـردن و کوشتنی یەکتری و یەکترخواردن دەژین، بەجۆرێک رۆژانە، هەموو چرکەسائێک، هەزاران گیانلەبەر پارچەپارچە دەکرێن و بە زیندوویی لە لایەن گیاندارانی دیکەوە دەخورێن، ژیان وەکو «بەرگریکردن بە چڕنوک و دەنووک» بە واتای وشەکە، راستەقینەیەکی خوێناوییە. شۆپنهاوەریش بەم چەشنە لە ژیانی روانیوە، واتا گوتویەتی: مرۆڤ گورگە بۆ مرۆڤ، بەڵام سەرباری هەموو ئەم تێڕوانینە رەشبینانەی شۆپنهاوەر بۆ ژیان، ئەوا شێوازێکی کاتیش دەبینێتەوە بۆ خۆڕزگارکردن لەم ئازارە، ئەویش دوو رێگە لەبەردەم ئەم راکردن و رزگاربوونەدا ئاوەڵایە: هونەر و ئەسێتیسیزم (زوهد) . وەڵامی ئەو پرسیارەی «پێویستە من چۆن بژیم؟» ئەمەیە: یان هونەرێک بئافرێنە و یان لەبارەی هونەرێکەوە رابمێنە، و وەڵامی کۆتاییش برێتییە لەوەی: هیچ ئارەزوو و ویستێکت نەبێت و هیچ کارێک مەکە، بۆیە ئێمە لەم بابەتەماندا باس لە بەهای هونەر دەکەین.

ئیشی هونەری: برێتییە لە رزگاربوونی زانین لە هەر جۆرە حەز و ویستێک و گەیشتنە بە ئینتوئسیۆنی (شهود) حەقیقەت. شۆپنهاوەر باوەڕییوایە ئەگەرچی راکردن لە دڕندەیی و خەم و ئازارەکانی جیهانی وێناکردن سەختە، بەڵام نەشیاویش نییە. وەکو وتمان دوو رێگە هەن بۆ رزگاربوون لەم ئازارانە،

یەکێکیان هونەر و ئەویدیکەیان بەڕێی ئەسێتیسیزمەوە، یان بە هۆی رەزامەندی ناوەکی و زوهدییەوە، شیاوی پێگەیشتنە.

تێڕمانێکی قوڵ لەبارەی ئیشە هونەرییەکان، لە بنەڕەتدا چالاکییەکی بێلایەنانەیە، کەواتە هیچ جۆرە نیگەرانی و خەمۆکییەک بەدوای خۆیدا ناهێنێت. تێڕامان لە ئیشێکی هونەری، پێویستە وەکو دژبەری حەزکردن بە خاوەندارێتی شتەکان دابنرێت، واتا پێویستە وەها لە ئیشێکی هونەری بڕوانین، کە دژ بێنەوە لەتەک حەز و ویستی خاوەنداربوونی شتەکان و سەروەربوون بەسەریاندا. ئاشکرایە گەر بێت و هزرینەکانی کەسێک وەربگۆڕێت رووەو وروژاندنی ئەو کەسە بۆ دەستەبەرکردنی خاوەندارێتی شتێک، ئەوا ئیدی هەرگیز ئەو کەسە ناتوانێت خۆی لە نیگەرانی و خەمۆکی رزگاربکات. تا ئەو کاتەی تاک ویست و حەزی خاوەندارێتی شتی نەبێت، ئەوا بۆ ماوەیەکی کاتی خۆی رزگارکردووە لە ئازاری «ویست». شۆپنهاوەر وەکو نیچە و تەواوی رۆمانتیکە ئاڵمانییەکان، ستایشی بلیمەتی هونەری دەکات و بەو دەرەنجامە دەگات، کە تەنانەت هەڵکردن لەتەک بلیمەتانی دیکەدا، یان ستایشکردنی بلیمەتان، شان و شکۆیەکی مەزنی هەیە. لێهزرینی ئێستێتیکیانە، وەکو ئافراندنی ئیشێکی ئێستێتیکی، ئەو توانستە لە ئێمەدا چێدەکات، بۆ ئەوەی بتوانین لە ویست و ئارەزووەکان رزگار بین .

کەواتە تێڕامان لە ئیشی هونەری، مرۆڤ رووەو بینێکی نالایەندارانە ئاراستە دەکات، بەڵام مەبەست لەمە بریتی نییە لەوەی تێڕامان لە ئیشی هونەری دڵخواز نییە. بۆ نموونە ئەگەر من لە شتێکی وەکو هەوەسوروژێن یان حەزئاسا بڕوانم، ئەوا روانینەکەی من، روانینێکی تێڕامانیی نییە بۆ ئیشێکی هونەری. لەم شێوەیەدا من روانینم رووەو خواست و دڵی خۆم ئاراستەکردوە و راستییەکەی بەندە، یان ئامرازی خواستەکانی خۆمم، بەڵام من دەتوانم لە شتێکی جوان، نەک وەکو حەزێک یان هەوەسوروژێنێک، کە تەنها و تەنها لە بەهای ئیشێکی هونەری بڕوانم، ئەوکات من دەبمە بینەرێکی بێلایەن، کەواتە بۆ ماوەیەک لە بەندەیی خواست و ویست ئازاد دەبم و هۆشم رووەو خزمەتی ئارامی دەروون ئاراستەدەکەم، نەک رووەو بەئامرازبوونی شەهوەتەکان، ئەوا بەم هۆیەوە روانگەیەکی تەواو ئۆبژێکتی و بێ لایەنانەم وەرگرتووە. مرۆڤ بە تێڕامان لە



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

ئیشی هونەری، دەبێنە فەرمانبەرێکی سەرەکی زانین و لە خواست و ویست رزگاری دەبێت و ئیدی رووەو ئارامی هەنگاو دەنێت.

شۆپنهاوەر لە کتێبی سێیەمی «جیهان وەکو ویست و وێناکردن»دا دێتەئاخافتن سەبارەت بە ئایدیاکان و جوانی و هونەر. هونەر بەدەرە لە خواست و ویست، کەواتە ئیشی هونەری بە تەواوی بەدەرە لە سوود و کەڵکوەرگرتن، بۆیە لە هەموو وابەستەبوونێکیش لەسەر ویست رزگاری دەبێت، ئەمە هەمان پنتی شکۆمەندە، کە ویست پاشەکشە دەکات، بەڵام هونەر ئەگەر زادەی ویست نەبێت، ئەی لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟ شۆپنهاوەر دەبێژێت کاری هونەر بلیمەتییە و بلیمەتیش سەروکاری لەتەک ویستدا نییە. بلیمەت دەتوانێت لە هەر پنتێکی تایبەتی و بەشێکدا، پنتی هەمەکی و گشتی ببینێت و دانایی ئەو لە سەرووی هەر زانینێکی پەیوەندیدار بە ویستەوەیە. هونەرمەند پنتی سێنتەری لە هەر ئۆبژێکتێکدا دەدۆزێتەوە. بە بۆچوونی شۆپنهاوەر بلیمەتی تایبەتە بە پیاوان، بەڵام ژنان هەندێکجار دەبنە خاوەن «بەهرە»، پێویستە ئەوەش بێژین بەهرە چەندان ئەندازە لەژێر بلیمەتییەوە .

کەواتە بلیمەتی باڵاترین فۆرمی ئەو جیهانەیە، کە تێیدا ویست سەروەر نییە. بلیمەت ئەو کەسەیە توانستی تێگەیشتن و وەرگرتنی ئایدیاکانی هەیە. هۆشی بلیمەت رزگاربووە لە ویست و حەزەکان، دەتوانێت شتەکان بەو شێوەیەی هەن ببینێت و لە نێوان دیارەکان و هەندەکییەتییەکاندا، دەتوانێت ئایدیا پلاتۆنییەکان یان جەوهەرە هەمەکییەکان ببینێت. هزری ئەو ئاراستەی شتە سەرەکی و هەمەکی و هەرمانییەکانە، بەڵام هزری ئەوانیدیکە ئاراستەی شتە نادیار و هەندەکی و نامیانگیرییەکانە. ئەو چێژەی بلیمەت لە جوانی دەیبینێت و ئەو رەزامەندییەی لە هونەرەوە وەریدەگرێت و ئەو حەزەی لە بینینی ئیشی هونەری و هونەرمەند لەودا پەیدا دەبێت، هەموو خەم و ئازارەکانی ژیان لە نێو دەبات.

**پلەبەندی هونەرەکان**

شۆپنهاوەر هیرارشیەتی پۆلێنە هونەرییەکان وێنەدەکات، کە پەیوەندی نێوان فێنۆمێن و ویستی مێتافیزیکی رۆشنتر دەکاتەوە. باخەوانی و ئارشێکتور (تەلارسازی) دەکەونە نێو ئەم سیانەتییەوە، لەبەرئەوەی لەتەک کەرەستەی نازیندودا کاردەکەن. لە ئاستێکی دواتردا شێوەسازییە مێژوویی و پەیکەرسازییەکان دێن، لەبەرئەوەی هەردووکیان لەتەک مرۆڤدا سەروکاریان هەیە. باڵاتر لەم ئاستە شیعر خۆی دەنوێنێت، چونکە لەتەک کۆنسەپت و تێگەکاندا مامەڵە دەکات و باڵاتر لە شیعر، تراژیدی دێت و لە تراژیدیش باڵاتر، مۆسیقا جێکەوت دەبێت. تراژیدی پێگەیەکی باڵاتری هەیە، لەبەرئەوەی وێنەی حەقیقی ژیانی مرۆڤ دەکێشێت: نادادپەروەری، خراپەکاری و ئەو ئازارانەی هەرگیز کۆتاییان نایەت.

مۆسیقا برینییە لە باڵاترین هونەر، چونکە لاساییکردنەوەی هیچ شتێک نییە، کەواتە فۆرمێکی تایبەتمەندی هونەرە. مۆسیقا لاساییکردنەوە نییە، کەواتە جۆرێکە لە ریالینی و داکەوت و سروشتی کۆتایی نیشان دەدات. گوێگرتن لە مۆسیقا، بەرزترین لێهزرینی ئێستێتیکیانەیە .

کەواتە توانستی هونەر لە بەرزکردنەوەی ئێمە لەم جیهانە پڕئازارەدا، لە مۆسیقادا خۆی دەبینێتەوە. مۆسیقا بە هیچ جۆرێک وەکو هونەرەکانی دیکە، مانوسکریپت(نوسخە)ی حەز و ئارەزوو و وێناکردنەکان نییە. جیاوازی مۆسیقا لەتەک هونەرەکانی دیکەدا لەوەدایە، کە مۆسیقا راستەوخۆ-نەک بەڕێی وێناکردنەکانەوە- کاریگەری لەسەر هەستەکانی ئێمە دادەنێت. وەکو گوتمان مرۆڤ بە گوێگرتن لە مۆسیقا، بەو حەقیقەتە شاراوەیە دەگات لە دیاردەکاندا و دەیاندۆزێتەوە.

دووەمین رێگەی رزگاری مرۆڤ لە حەز و ویستە بێدوایەکییەکان، راکردن لە ئازارەکانی جیهانی «ویستی ژیان»ـە. لەو شوێنەی ویستی ژیان سەرچاوەی خراپەکاریی بێت، بۆ دوورکەوتنەوە لە خراپەکاری، ئەوا مرۆڤ پێویستە چاوپۆشی لەو ویستە بکات و هەوڵی ئەوە بدات ئاکێتی خۆی بە فەرامۆشی بسپێرێت. لێرەدایە ئێمە کاریگەری لێهزرینی هیندووییزم لەسەر شۆپنهاوەر دەبینین. دانا هیندییەکان ئاکیان وەها نیشانداوە، کە حەزدەکات لە خۆمەکی و نیگەرانی

و وەهمەکان رزگاری ببێت و ئەم کارەش بەهۆی کەمکردنەوەی پێویستییە جەستییەکان، ئەنجامدەدات. ئەمەیە رێگەی دووەم، کە پێی دەگوترێت ئەسێتیسیزم یان زوهد.

### کاریگەری شۆپنهاوەر

شۆپنهاوەر یەکێک بووە لەو نووسەرە جواننووسانەی بەم هۆیەوە کاریگەریان نواندووە. ئەم لە نووسیندا هونەرمەندێکی مەزن بووە. زۆرن لەو فەیلەسوفانەی پێشووتر و دوای ئەویش، ئەم چەشنە مێتۆدە هونەرییەیان بۆ نووسین بەکارهێناوە: پلاتۆن، ئۆگۆستینۆس، دیکارت، رۆسۆ و نیچە. نووسینەکانی شۆپنهاوەر ئەوەندە جوانن، زۆرێک لە رستەکانی وەکو پەند و وتە وەردەگیرێن.

گەر بمانەوێت کاریگەرییەکانی شۆپنهاوەر لەسەر فەیلەسوف و ئەدیب و هونەرمەند و هزرڤانان باس بکەین، ئەوا پێویستمان بە توێژینەوەیەکی دوور و درێژ دەبێت و هاوکات ئەم جۆرە توێژینەوەیەش وزە و کاتێکی زۆری گەرەکە و بە هـەزاران لاپەڕە کۆتایی نایەت، چونکە لەو دۆخـەدا ئێمە پێویستیمان بە هەموو هزری ئەو کەسانە دەبێت، کە ئەم کاریگەری لەسەر دانـاون و دواتر بەراوردکردنیان لەتەک هزرە رەسەنەکە، بەڵام ئێمە لێرەدا، زێتر بۆ هەژموونی شۆپنهاوەر، تەنها ناوی هەندێک لەو کەسانە دەهێنین، کە ئەم کاریگەری لەسەریان هەبووە . یەکێک لەو کەسانەی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەبووە، ریچارد ڤاگنەر بووە، ئەو گوتوویەتی دوای خوێندنەوەی نووسینەکانی شۆپنهاوەر توانیویەتی ئۆپێرای تریستان و ئیزۆلدا بنووسێت، کە یەکێکە لە بەرهەم و ئۆپێرا هەرە بەناوبانگەکانی ریچارد ڤاگنەر. زیگموند فرۆید گوتوویەتی شرۆڤەی چەپاندن، کە بنەمای تیۆریی پسیکۆئەنالیزمە، بەهۆی شۆپنهاوەرەوە ئەم تێیگەیشتووە. درەنگترێکیش، یەکێک لە فێرخوازەکانی فرۆید، کە دوای ئەم بووە، کارل گوستاڤ یونگە و ئاماژەی بە کاریگەری شۆپنهاوەر داوە لەسەر خۆی. ، نیچە یەکێکە لەو فەیلەسوفە مەزنانەی زۆرترین کاریگەری شۆپنهاوەری لەسەر بووە و، هەروەها نیچە کتێبێکیشی بە ناوی «شۆپنهاوەر وەکو مامۆستا» نووسیوە

، ئەمە جگە لەوەی لە کتێبی «لەدایکبوونی تراژیدیا»دا باسی زۆرترین کاریگەری و تیۆرییەکانی شۆپنهاوەر دەکات.

شۆپنهاوەر لە نێو ئەدیبانیشدا هەژموونێکی باڵای هەبووە و بە ئاشکرا لە نێو رۆمان و چیرۆکەکاندا کاریگەرییەکانی دەرکەوتووە. ئەو رۆماننووسە بەناووبانگانەی ئەم کاریگەری لەسەر داناون، بریتین لە: لیۆ تۆلستۆی، ئیڤان تۆرگنێڤ، مارسێل پروست، ئەمیل زۆلا، هەروەها لە ئاڵمانیش تۆماس مان، لە بریتانیاش تۆماس هاردی و جۆزێف کۆنراد هەژموونی ئەمیان لەسەر بووە.

لە نێو چیرۆکنووسە مەزنەکانی وەکو: مۆپاسان، چیخۆف و سۆمەرسێت مۆم و بۆرخیس، باسی کاریگەری شۆپنهاوەریان کردووە. کاریگەری لەسەر بێرناردشاو و پراندلۆ و سەموئێل بێکێت دەردەکەوێت. لای شاعیرانی وەکو ریلکە و ئیلیوتیش هەژموونی خۆی نواندووە، هەروەها پێویستە ببێژین ئەم کاریگەری لەسەر ڤینگنشتاینیش هەبووە .

**سەرچاوەکان**


1. Bertrand Russell: A History of Western Philosophy, George Allen & Unwin LTD, London, 1961.

2. Christopher Janaway: Schopenhauer (A Very Short Introduction), Oxford University Press, New York, 2002.

3. گراهام وایت: درێمدی بر فلسفه مدرن اروپایی، ترجمه ناهید احمدیان، نشر پرسش، تهران، 1387.

4. براین مگی: سرگذشت فلسفه، ترجمه حسن کامشاد، چاپ دوم، نشر نی، تهران، 1387.

5. بابەک ئەحمەدی: هەقیقەت و جوانی، وەرگێڕانی مەسعوود بابایی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، 2008، هەولێر.

## شۆبنهاوەر...... فەیلەسوفی رەشبینی

بۆ عەرەبی:حسونە المصباحی

لەعەرەبیەوە: سەلاح سەعید ئەمین

ئەرتۆ شۆبنهاوەر 1788–1860 ز ناسراوە بەفەیلەسوفی رەشبینی ،ئەم وتانەی خوارەوە کەپوختەی فەلسەفەی ئەو پێکدەهێنێت پێش ئەوەی کتێبە بەناوبانگەکەی « العالم کارادە وتمثل»چاپ بکات نوسیونی،شۆبنهاوەر خۆی کۆمێنتێکی لەسەرکتێبەکەی هەیەو دەڵێت:»ئەو پەڕانەی کەلەشاری «درسدن» لەنێوان ساڵانی 1804– 1818ز نوسیومن کۆی فەلسەفەی من پێکدەهێنێت، وەک چۆن دیمەنێکی سروشتی جوان لەتەمومژی بەیانیانەوە دەردەکەوێت،گرنگە ئاماژەش بەوە بکەم لەسەرەتایی ساڵی 1814 کەئەو ساڵەی تێیدا گەیشتمە تەمەنی 27 ساڵی فەلسەفەی من لەسەرەتاوە تاقۆناغی مام ناوەندی بڕی.

*کاتێک بوون و ژیان بارێکی رێپێدراو و خوازراوبێت، ئەوا هەموان بەرەو باری نائاگایی دەڕۆن لەخەوداو بەشادییەوە لەخەو هەڵدەسن،لەکاتێکدا پێچەوانەکەی ئەوەیە کەروودەدات: هەموان بەشادییەوە بەرەو خەو دەرۆن و بەناخۆشیەوە رادەبن.

*ئای... لەو پانتاییەی لەنێوان سەرەتایی ژیان و کۆتاییەکەیدا هەیە،ژیان بەگەرمی و خۆشیەوە دەستپێدەکات، پاشان بەتێکشکانی ئەندامەکان کۆتایی دێت لەناو بۆنێکدا کەجەستەرزاڵ رزاڵ دەکات،ئەو رێگایەی کەلەسەرەتای ژیانەوە تا کۆتاییە مەرگبارەکەی بەردەوام دەبێت،دژو پێچەوانەیە لەگەڵ خۆشیەکانی ژیانماندا :منداڵی شادیهێنەرە ،پیرێتی خەفەتهێنەرە ئەمە واناکات ژیان هەڵەیەک بێت ئاکام و ئەنجامەکەی زیاترو زیاتر دەربکەوێت؟

*مرۆڤی عەقڵ تەندروست،ئەوەی کەلەنێوان شێت و عەقڵ نەخۆشدایە وەک ئەو کەسە وایە کەکاتژمێرێکی چاکی هەیە،دەڕوات بۆ شارو لەوێ چەند کاتژمێرێک هەیە کەبەرێکوپێکی تەوقیت نەکراون،ئەو تەنها ئەو کەسەیە کە»کات»بەرێکوپێکی دەزانێت، لەکاتێکدا ئەمە هیچ هاوکارییەکی ئەو ناکات،کاتژمێرەکانی شار هەموو هەڵە تەوقیتکراون و دەشزانن کاتژمێرەکەی ئەم رێک تەوقیتکراوە.



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

*ئـەو پرسیارەی کەلەبارەی پێویستبوونی هاوسەرگیری یان پێویست نەبوونیەوە دەخرێتەروو، دەمانبات بۆ چەند مەسەلەیەکی تر،لەوانە:ئایا پێویستیە زایەندییەکان زیاتر پێویستن، یان پێویستیە خۆراکیەکان؟

*ئێمە هەموومان قـەرزاری مردنین و بەنائارامیشەوە بیر لەم قەرزە دەکەینەوە،ئایا مردن بەڵگەی ئەوە نییە کە بوونی ئێمە هەڵەیە؟

*ئێمە بەمردن سەرەخۆشی لەخۆمان دەکەین بۆ رووبەرووبونەوەی مەینەتیەکانی ژیان، بەمەینەتیەکانی ژیانیش بۆ رووبەرووبونەوەی مەرگ، ئای... چەند بارودۆخێکی جوانە!

*ئێمە بانگکراوین بۆ ژیان بەخواستێکی وەهمی و بۆ چێژێکی حیسی و هەڕەشەش لەم ژیانە دەکەن بەترسی وەهمی...بەدڵنیاییەوە ئەوەش مردنە.

*دەڵێن ئاسمان دوای مـردن لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکـات لەسەر ئەوەی لەژیانی دنیادا کردومانە،من گومانم هەیەو ئێمە دەتوانین پێشوەخت لەو بپرسینەوەلەسەر»گەمەی قورس»ژیان مان کەسەپێنراوە بەسەرمان، بێ ئەوی بزانین بۆچی ؟و بۆ چ مەبەستێکە؟

*خەریکە گرنگی نـەدەم بـەبـەشـداریـکـردن لەشەڕەفەلسەفیەکانی سەردەمەکەمدا،مەسەلەکە لای من وایلێهاتوەهیچ جاوازییەکی نییە لەوخەڵکە ئاساییەی کەدەرژێنە شەقامەکانەوە بۆ بەشداریکردن لەشەڕەکاندا.

*شکۆمەندی ،دادگای پوچەڵکردنەوەی بڕیاری هاوچەرخەکانە.

*کاتێک گەنجی ژیان وادەردەکەوێت کەزۆر درێژە، کاتێک بەرەو پیری دەڕۆیت دەردەکەوێت»ژیان» زۆر کورتە.

*دەوترێ پیسی لەرۆژی دواییدا سزای هەیە، بەڵام گەمژەیی لەژیانی دنیادا سزای هەیە.

*زۆرینەی خەڵک بڕوایانوایە کتێب وەک هێلکە وایە، دەبێت بەتازەیی بەکاربهێنرێت، لەبەرئەم هۆیەیە بەردەوام هەوڵ بۆ ئەوە دەدەن کەتازەو نوێیە.

*بەروونی تەماشای باروگوزەرانی مرۆڤایەتی بکە، پاشان بنۆرە سەردەمەکەی خۆت، دواتر سەیری حاڵی زانایانی ئەڵمانیا بکە،توشی سەرسورمان دەبیت،ئەوکات دەست بەبەڵگەکانتەوە دەگریت و لەخۆت دەپرسی:ئایا مرۆڤایەتی شێتە یان من؟

* لەکارەساتێک رزگارمان دەبێت، بۆ ئەوەی لەبەردەم کارەساتێکی تردا خۆمان ببینینەوە،لەکارەساتی نیشتیمانی گەلێک هەڵدێین، بۆ ئەوەی بەکارەساتی گەلێکی تر ئاشنابین کەئەمیان لەوەی پێشو خراپترە،ئایا ئاسمان لەم شێوی فرمێسکە رزگارمان دەکات؟

*بەختەوەری  جگە لەخەون هیچی تر نییە، بەڵام ئازار حەقیقەتە، بەڵام ئێمە کاتێک لەئازار رزگارمان دەبێت حەزەکانمان بەبەختەوەرییەک فریوماندەدەن کەبوونی نییە، ڤۆڵتێر لەم روەوە ژیان بە»گەمەیەکی قورس» وەسفدەکات.

*خۆکوژی ئەزمونێکە،پرسیارێکە رووبـەرووی سروشتی دەکەینەوە  و چاوەڕوانی وەڵامی لێدەکەین،ئێمە دەپرسین ئەو گۆڕانکارییە چییە کەمردن بۆ بوون و بۆ مەعریفەی مرۆڤ دروستیدەکات؟

*کەسێک چێژ لەخستنەوەی مناڵ دەبینێت، بەڵام ئەویتر»نەوەکەی» ناچارە بەوەی بژی  و ئازاربکێشێ و دواتریش بمرێت.

*ئایا دەتانەوێت ئەو خەونانە بزانن کە هاملێت باسیان دەکات،ئەو خەونانەی کەرەنگە لەخەوی مردندا رووبدەن؟سەیری خۆتان بکەن! بوونی ئێستامان ، ئەم دنیایە ،ئەم ژیانە: ئەمانە خەونەکانن.

*مۆزیک لەبارەی شتەکانەوە قسەناکات،بەسادەیی مۆزیک لەبارەی چێژو ئەشکەنجەوە قسەدەکات، کەهەردووکیان حەقیقەتی ئیرادەن، هەرلەبەر ئەوەیە راستەوخۆ پەیوەندی بەعەقڵەوە هەیە نەک دڵ.

*وەک چـۆن ئیشک دەرنـاکـەوێـت ،ئـەوکـاتـە نەبێت لەسەرشتەکان رەنگدەداتەوە، بەهەمانشێوە شکۆمەندیش بەدەست نایەت لەریگەی شکۆوە نەبێت.

*زۆرجار مناڵان وەک لەرێ لادەرانی بێناوان دەردەکەون کەسزای لەسێدارە نادرێن، بەڵکو بەژیان حوکم دەدرێن، تەنانەت پێش ئەوەی گوێبیستی هۆکاری حوکمەکەیش بن.

**سەرچاوە:**

–رۆژنامەی»العرب» ی لەندەنی ،ژمارەی رۆژی :20 نۆڤەمبەری 2009ز

# شۆپنهاوەر فەیلەسوفی ڕەشبین

هەردی عومەر

**ژياننامە:**

ئارسەر شۆپنهاوەر لە 20 فبرایەری 1788 لە ئەڵمانیا لەدایکبووە و وانەی فەلسەفەی لە زانکۆی (جوتنجن) لە ساڵانی (1809 – 1811) پاشان لەنێوان ساڵانی (1813 – 1811) بەرلین و بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرت و تێزی دکتۆراکەی بەناونیشانی (الأصول الاربعة لمبدا السبب الكافي) و تێزێکە لەسەر عەقڵ و پەیوەندی بە جیهانی دەرەوە.

لە تەمەنی (17) ساڵیدا و لە ساڵی (1805) باوکی خۆی کوشت، بۆیە لەدوای ئەوەوە ژیانێکی گران ژیا بەهۆی جیاوازی لەگەڵ دایکی لەبارەی ڕزگاربوونی لە کۆتوبەندەکان لە دوای مردنی باوکیەوە، ئەم جیاوازیانەش لەدوای مردنی دایکی کۆتاییان هات و بەهۆی ڕەوشتی دایکیشیەوە بە درێژایی ژیانی هەستی بە بێزاریەکی زۆر لە بەرامبەر ژنان دەکرد ، بۆیە تا کۆتایی ژیانی پەیوەندی لەگەڵ هیچ جۆرە ژنێکدا نەبەست.

لەنێوان ساڵانی (1820 – 1831) وانەی لە فرانکۆی بەرلین وتەوە، بەڵام نەبووە جێگەی ڕەزامەندی لەلای خوێندکاران و لەناو مامۆستاکانیشدا گرفتی هەبوو، جگە لەمەش کتێبەکانی لەم قۆناغەدا ڕەواجیان نەبوو، بەڵام لە کۆتایی ژیانیدا کتێبەکانی ڕەواجێکی زۆریان پەیداکرد.

هەندێک پارەی لە باوکیەوە بۆ مابوویەوە و بەهۆیەوە دوو ژووری لە هۆتێلێکی مام ناوەندا گرت و بە درێژایی 30 ساڵ لەدوا قۆناغی تەمەنی تێیدا ژیا، بەبێ دایک، ژن، منداڵ، خێزان، نیشتمان، هاوڕێ، جگە لە سەگەکەی کە ناوی نابوو (اگما) کە ناوێک بوو بە (گیانی جیهان) دەوترا، بەڵام ئەوانەی لە هۆتێلەکە دەژیان یان لە شۆپنهاوەرەوە نزیکبوون، سەگەکەیان ناونابوو شۆپنهاوەری بچوک.

**بەرهەمەکانی:**

شۆپنهاوەر نامەیەکی دکتۆرای لە ساڵی (1813) نووسیوە کە باس لە هۆکاری گونجاو دەکات بۆ جیهانی دەرەوە کە لەسەر بنەمای ئەم چوار بنچینەیە دەبێت:

1- پەیوەندی نێوان ئەنجام و بیروباوەڕ

2- پەیوەندی نێوان هۆکارو بەرهەم.

3- پەیوەندی نێوان کات و شوێن

4- پەیوەندی نێوان عەقڵ و کار.

سێ ڕوانینی یەکەم تایبەتە بە لایەنی تیۆری، بەڵام ڕوانینی چوارەم بریتییە لە کار، ئەم چوارەش وێناکردنمان بۆ جیهانی دەرەکی گەشەپێدەکات، لەگەڵ هەڵچوونەکانمان لەگەڵی. دووەم کتێبیشیان بریتییە لە (جیهان ئیرادەو وێناکردن) یان (جیهان ئیرادەو بیرۆکە) و پێیوایە وێناکردنێکی کۆتایی بۆ بوون و بیر داناوە، بۆیە ئەم کتێبەی نەبووە جێگەی ڕەزامەندی، هەتا پاش (10) ساڵ بە شۆپنهاوەریان وت بەشێک لە کتێبەکەی وەک وەرەقەی تەلەف فرۆشراوە بە پیشەوەرەکان، بەمەش ئەوەندەی تر تووشی ڕەشبینی بووە، ئەمە جگە لەو ململانێ و ڕێپێیانەی (مؤامرە) کە لەناو فەیلەسوف و بیرمەندەکاندا بەرامبەری کراوە، چونکە لە فەلسەفەکەی ناگەن و بۆ نەوەی ئایندە دەنووسێت، دواتر دەڵێت «ئەم کتێبە وەک ئاوێنە وایە، ئەگەر کەریش سەیری بکات چاوەڕێی ئەوە ناکات سیمایەکی فریشتە ببینێت» ،پاشان کتێبێکی بەناوی (ئیرادە لە سروشت) دا لە ساڵی 1836 بڵاوکردەوە، لەناو ئەم کتێبەدا نمونەو بەڵگەی سروشتی دۆزیەوە کە بەڵگەن بۆ تیۆرەکەی لە ئیرادەی گشتییدا، کە لە کتێبەکەی پێشوتریدا باسیکردوون. لە ساڵی 1841 کتێبێکی بەناونیشانی (دوو کێشەی سەرەکی لە فەلسەفەی ئاکاردا) و لە ساڵی (1851) دوو کتێبی گرنگی دەرکرد لەبارەی ئەنجامەکان، کە تێیدا تەواوی هەوڵ و کۆششی بیری خستەگەڕ لە بەرلمبەریشدا دە نوسخە وەک پاداشتی کۆششەکانی لە نووسینی کتێبەکانی پێدرا، هەرچەندە دواتر کتێبەکانی نەبوونە جێگەی سەرنج و فەلسەفەکەی لەبەرچاوان پەراوێزخرا.

لە کۆتایی ژیانیدا فەلسەفە ڕەشبینییەکەی لای هەندێ ناوەند گرنگی پێدرا

و بووە مایەی ڕەزامەندی بە تایبەتی لە ساڵانی (1854)دا، لە 21 ی سێبتێمبەری 1860 لەو هۆتێلە ئاساییەی خۆیدا دانیشتبوو کە 30 ساڵی دوانەمەنی تێیدا بەسەربردبوو کە نانی دەخوارد، خاوەن هۆتێل پاش کاتژمێرێک بەهەمان شێوە دەیبینی دانیشتووە، شۆپنهاوەر لە ساڵی 1860 دا کۆچی دوایی کرد.

**کلیلی کەسایەتی:**

شۆپنهاوەر لە فەلسەفەکەیدا کاریگەر بووە بە زۆرشتەوە لەوانە:

1- بۆماوەزانی خێزانی: شۆپنهاوەر لە خێزانێکدا لەدایک و گەورە بووە کە پڕبووە لە نەخۆشیە دەرونی و عەقڵیەکان، بەهۆی ئەمەشەوە ئەندامەکانی ئەم خێزانە وەچە لەدوای وەچە دووچاری ئەم جۆرە نەخۆشیانە بوون، نەخۆشیەکانیش لە هەردوو سەری دایک و باوکیەوە بوون، بۆ نموونە باوکی خۆی کوشت، نەنکی دووچاری شێتی بوو پاشان مرد، شوێنگەو کاریگەری نەخۆشی دەرونیش لە شۆپنهاوەردا دەرکەوت و بەرهەمەکانی پێچەوانەی ڕەوشتی و هەڵسوکەوتی بوون بە درێژایی قۆناغەکانی ژیانی.

خراپی ڕەوشتی دایکی لەدوای مردنی باوکی، وایکرد بەگومان بێت لە تەواوی خەڵکی، بەتایبەتی کاتێک گۆشەی مامۆستای ناسی، ئەو ڕووداوانەش کاریگەرییەکی خراپی لەسەر دروستکرد.

2- بارودۆخی جیهان: ئەو کاتانەی کە شۆپنهاوەر لە دایکبووە سەردەمێک بووە شەڕ ئەوروپای لەناوبردبوو، بە دەیان هەزار خێزان ئاوارەو سەرگەردان بوون و بەهۆشیەوە هەژاری و بێدەرەتانی لەناو خەڵکیدا بڵاوبوویەوە لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەوروپا، شەڕەکەش لەنێوان (ناپلیۆن) کە شۆپنهاوەر ڕۆشنبیرەکان بە گیانی شۆڕشی فەرەنسیان دەزانی، کە بیرو خەڵکی ئازادکرد، بەڵام وڵاتانی ئەوروپی لە دژی ناپلیۆن یەکیانگرت و شکستیانپێهێنا، ئەمەش لوتکەی ناخۆشی بوو لای شۆپنهاوەر.

3- باری دەرونی و عەقڵی: ئەو بارودۆخانەی کە باسکران کاریگەریان لەسەر باری دەرونی و عەقڵی و توشبوون بەمانە لای شۆپنهاوەر بە درێژایی تەمەنی هەبوو، بۆیە بەردەوام پیاوێکی بەشێوە ترسنۆک و دڵەڕاوکێ دەبینرا، ئەمانەش بارودۆخی کۆنترۆڵکردبوو، بۆیە بە بەردەوام بە گومانەوە سەیری خەڵکی دەکرد،



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

بۆیە لە شەڕو غەدرەکانیان دەترسا، بۆیە بـەردەوام دەرگای زۆر بە وریاییەوە دادەخست و چەکی لای خۆی دادەنا، لەوە دەترسا هەڵبکوتنە سەری و نەخۆشی ئێسکی هەبوو، وایدەبینی خەڵکی پیلانی لە دژی دەگێڕن و ڕقیان لێیەتی، ئەم هەستانەش وایلێکرد بەتەنها بژی بەبێ ژن و منداڵ و خێزان و نیشتمان و بە درێژایی ژیانی بڕوای بە کەس نەدەکرد.

### فەلسەفەی شۆپنهاوەر

شۆپنهاوەر پییوایە بوون لەسەر بنەمای فەلسەفە، خبرەو مەبەستە، هەموو ئەو شتانەی کە لە بووندا هەیە بەڵگەیەکی ڕاستگۆیانەیە لەسەر بەڕێوەبردنی بکەرێک و توانستی و حکمەت و...تاد، سەرنجی ئەوەی دەدا بوون لەسەر پەیڕەوێکی بەهێز و دروست و جوان دەڕوات، مەبەستێکی هەیە لە پێگەیشتنی، بۆ ئەم مەبەستەش هۆکار هەیە و لە هەمانکاتیشدا مەبەست هۆکارەکانی لە فەلسەفەی بکەرەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت، پێشیوایە بکەرەکەی دەگەڕێنەوە بۆ سروشت و مادە.

### بنەمای فەلسەفەی شۆپنهاوەر:

1- بوون برییتیە لە مادەیەکی ڕەهاو جگە لە مادە هیچ شتێک لە بووندا نییە و هەندێک جار بۆئەمە دەگەڕێنەوە بۆ وێناکردنی خودی و وەهمە دەرونیەکان، کە هیچ ڕاستەقینەیەکیان لە دەرەوە نییە، بۆیە دەڵێت»هەستەکان حاڵەتێکی خودین، بەڵام تێگەیشتن و وێناکردنی خودی دەیگەیەنێتە هۆکاری دەرەکی، بۆیە وێنای بکەرەکەی لە کاتێکی سەربەخۆ لەو شوێنەی ئێمە دەکەین، بۆیە زانستی مادی بەسە بۆ لێکدانەوەی هەموو ئەو ڕەمزو لوغزانەی کە هەن.

2- زانست برییتیە لە ئیرادەو بیر: بیرۆکە لە وێناکردنی خودیماندا لە جیهانی دەرەوەیە، زۆرجاریش دەشێ ناڕاست و ناواقیعی بێت، بەڵام ئیرادە برییتیە لە کرۆکی بوونی مادی ڕاستەقینە، زانست برینیە لە ئیرادەیەکی گشتی تەواو، ئەم ئیرادەیەش غایەو ئامانجی هەیە و هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، ئەمەش لەڕێگەی ئەو هۆکارانەوە دەبێت، کە خۆی دروستی کردوون و دایهێناون، هەموو شتێک لە بووندا لە بێگیانەوە بۆ مرۆڤ هەموویان ملکەچی ئەوی ئیرادە گشتیەن کە سروشت

هەیەتی و هەمووشتێک لە ڕێگەیەوە گوزەردەکات.

3- ئیرادەی گشتی لە سروشتدا چاودێریکردنی بۆ ئەوەیە پاراستنی هەموو جۆرەکانی ژیانە، بۆیە گرنگی بە مانەوەی هەموو جۆرە گیاندارەکان دەکات وەک (ئاژەڵ، مێروو ....تاد)

4- ژیان هەمووی، بەڵکو بوون هەمووی ناخۆشی و خەم و ئازارە، هەرگیز لە بووندا هەمووی خۆشی نییە، چونکە مانای خۆشی نازانێت.

5- مردن دوژمنی ئیرادەی گشتیە و دەیەوێت ژیانی زیندوەکان لەناوبەرێت، بەڵام ئیرادەی گشتی شکستی پێدەهێنێت لە ڕێگەی غەریزەی سێکسیەوە، چونکە نەوەی نوێ دەخەنەوە و لە ڕێگەیەوە ڕێگری لێدەکرێت.

6- هۆکاری ئیرادەی گشتی لە جێبەجێکردنی غایەکەی لە بەرامبەر هزری مرۆڤدا بریتین لە عەقڵ و غەریزەی سێکسی. عەقڵ هۆکارێکە لە هۆکارەکانی گشتی کوێرانە، کاردەکات بۆ مانەوەی ئەو جـۆرەی کە هەوڵدەدات و ئازار دەکێشێت خۆکوشتنی مرۆڤ ئازادییە لە ڕزگاربوون لە ژیان و ئازارەکانی، ئەگەر هەموو خەڵکی وایبکردایە ژیان کۆتاییپێدەهات و ئیرادەی سروشتیش لە بەدیهێنانی مەبەستەکانیدا شکستیدەهێنا، لێرەوە ڕۆڵی عەقڵ دەردەکەوێت لە دروستکردنی ئیرادەداو هەڵدەستێت بە داهێنانی بیرەکان کە بوونیان نەبووە بەو ئامانجەی قەناعەت بە مرۆڤ بکات ئازارەکان قبوڵبکات.

بەڵام غەریزەی سێکسی رۆڵی ئیغراکردنی کوڕانە بە کچان بە پێچەوانەشەوە، ئیرادەی کوێرانەش وایکردووە ئەم غەریزەیە بەهێزترین غەریزە بێت لە کائینە زیندووەکاندا، ئەمەش بۆ بەرپەچدانەوەی مردنە، بۆیە لای شۆپنهاوەر بنەمایەکی سەرەکی ژیانی هەموو ئەم کائینانەیە، هەروەها پێیوایە سێکس بریتیە لە کلیلی ڕەوشتی مرۆیی.

7- بوون هەمووی ناکۆکی و ململانێیە، چونکە غایەکانی کائینەکان تەواو نابێت و هەر غایەیەکیشیان بێنەدی، یەکێکی دیکە جێگەی دەگرێتەوە، ئەم شەڕکردنەش بەپێی جیاوازی کائینەکان بەپێی هەسنپێکردنەکان دەگۆڕێت ، هەژارەکان زۆر لە ژیانێکی ناخۆشدا دەژین و ژیانیان خاڵیە لە خۆشی و پڕە لە ناخۆشی، بەڵام دەوڵەمەندەکان لە ناخۆشیدا دەژین، بەڵام ئازارەکان ماندووکەرن.

بوونی ناخۆشی لەوەوەیە کە ژیان گۆڕەپانی جەنگەکانە و هیچ کائینێک تێیدا بە زیندوویی نامێنێتەوە، ئەگەر لەسەر حسابی کەسێکی دی نەبێت، ئاژەڵە دڕندەکان مرۆڤ ڕاودەکەن و مرۆڤ ئاژەڵەکان و هەمووان دارو درەخت و هەواو ئاو ...ئاد

8- لەگەڵ ئەوەی هەموو ئەو بەڵگانە دەهێنێتەوە کە ژیان ئازارو ناخۆشیە، لەگەڵ ئەوەشدا ژیان وەلادەنێ و هەوڵی خۆکوشتن دەدات بۆ ڕزگاربوون لە ناخۆشیەکان.

**هەندێک لە وتەکانی شۆپنهاوەر:**

- ئیرەیی بەرزترین پلەی ڕێزە لە ئەڵمانیادا
- لەدەستدانی شتێک هەندێک جار فێری نرخەکەیمان دەکات.
- زۆر بە دەگمەن بیر لەوە دەکەینەوە کە هەمانە، بەڵکو ئێمە بیر لەوە دەکەینەوە کە نیمانە.
- هەموو کەسێکی بێعەقڵ دەتوانێت مێروویەک بکوژێت، بەڵام هەرچی زانای دنیا هەیە ناتوانن دانەیەک دروست بکەن.
- هەموو کەسێک دەتوانێت چی دەوێت بیکات، بەڵام ناتوانێت ئەوەی دەیەوێت بیکات.
- سامان وەک ئاوی دەریا وایە چەندێکی لێبخۆیت تینویەتی ناشکێنێت، ئەمەش بۆ ناوبانگی دەبێت.
- ئگەر دەتەوێت هەمووان سەرت بۆدانەوێنن، سەرەتا خۆت سەرت بۆ عەقڵ دانەوێنە.
- ئەو کەسەی کارێک لەسەر بنەمای عەقڵ بکات، دووچاری هەڵە نابێت.

**سەرچاوەکان:**


- مذاهب فکرية معاصرة، عرض و نقد، دکتور محمد مزروعة، 2004
- شوبنهاور و فلسفه التشاؤم، وفيق عزيزي، فارابي، لبنان، 2008
- فرد فی فلسفة شوبنهور، فواد کامل، مصر، 1991

## (بوون) لەتێڕوانینی شۆپنهاوەردا

محەمەد چیا

بێگومان مرۆڤ بیرکردنەوەی بەهەرشێوەیەک بێت و تەبەنی هەر بیرۆکەیەک بکات، ناتوانین بڵێین ئەو بیرۆکە یان فەلسەفەیە پوخت و پەتیە لەهەر کاریگەریەکی ژینگەیی و ئەو پاننابیەی کە خاوەن بیرۆکە یان فەلسەفەکە تێیدا ژیاوە، ئەمەش سەبارەت (شۆپنهاوەر)ی خاوەنی فەلسەفەی رەشبینیشەوە هەر ڕاستە.

ئەگەر سەرنجێکیش لەژینگەی خێزانی و کۆمەڵایەتی شۆپنهاوەر بدەین، دەبینین ژیانێک ژیاوە کە پڕبووە لەخەم و حەسرەت، ئەو تەمەنی هەڤدەساڵان بوو باوکی خۆی کوشت و، دایکیشی بۆ ئەو مایەی حەسرەت و ئاە بوو، لەدوای مردنی باوکی دایکی ژیانێکی ئازادو بەتاڵ لەهەر جۆرە فەزیلەتێکی هەڵبژارد، هەرئەمەش بوو وای لە شۆپنهاوەر کرد، هێندەی تر حەسرەتبار بێت و لەدایکی دوربکەوێتەوە، تەنانەت تا مردیش دایکی نەبینیەوە، هەرچەندە شۆپنهاوەر توانی تا بەرزترین قۆناغەکانی خوێندن بڕوات و پلەی دکتۆرا بەدەستبێنێت، بەڵام لەژیانی کۆمەڵایەتیدا نەیتوانی سەرکەوتووبێت، تەنانەت بەردەوام گرفتی زۆری لەگەڵ مامۆستاکان و هاوشانەکانی خۆیدا بۆ دروستدەبوو، بێهاوەڵ و تەنهاو بێدۆست و بێهاودەم، بەهۆی بەدخویی دایکەیەوە بەڕادەیەک ئافرەتی لەبەرچاوکەوت، تا مرد هیچ هاوسەرگیریەکی نەکردو بەتەنها لەناو دوو ژووری میوانخانەیەکدا ژیانی بەسەر برد.

ژیانی شۆپنهاوەر ئـامـاژەیـەک بـوو بۆ ئــازار، هەربۆیە ئەمە لەفەلسەفەکەشیدا رەنگیداوەتەوەو ئازاری بەڕاستەقینەو، خۆشیشی بە ساختەو هیچ ناوبردوە، ژیانی ئەم فەیلەسوفە سێبەرێکی قورس بوو لەخەم، سێبەرێک کە تا بڕۆیت هەر درێژدەبێتەوەو کۆتایی نایەت، شۆپنهاوەر پێیوابوو ژیان بریتیە لەئازارو خەفەت و نەخۆشی و پیری و مردن، هەرچی خۆشی و ئاسودەیشە

هیچ نییە جگە لەوەی هەندێک جار ئەو ئازارە کەمدەبێنەوەو کەمتر هەست بەئازارەکە دەکەیت، شۆپنهاوەر ئەم کەم هەستکردنەی بەئازار ناو نابوو خۆشی یان ئاسودەیی، ئەگینا ئازار ژیانەو تا ژیانیش هەبێت و بەرپا بێت ئازاریش هەیە، لێرەوە بیرۆکەی خۆکوشتن لای ئەو فۆرمەلە دەبێت، ئەو پێیوابوو هیچ رێگەیەک نییە بۆ هەڵهاتن لەئازار(لەژیان) خۆکوشتن نەبێت، بەمشێوەیە مرۆڤ رزگاری دەبێت و دەحەوێنەوە، ئەو پێیوابوو مرۆڤ هێندە بیرۆکەی مردن و خۆکوشتن ئازاریدەدەن، هێندە خودی مردن و خۆکوشتنەکە بەئازار نین بۆی، شۆپنهاوەر زۆر بایەخی بەئاینی هیندۆسەکان دەداو زۆری لەبارەوە دەخوێندەوە، دەکرێت بڵێین بیرۆکەی خۆکوشتن، جگە لەوەی وەک باکگراوەندێک لای ئەو هەبوو، بەهۆی ئەوەوە کە باوکی خۆی کوشتبوو، لەئاینی هیندۆسیشدا رەشبینی و مەرگدۆستی زاڵەو ئەم ئاینە پێیوایە ژیان جگە لەئازارو ناڕەحەتی و نەخۆشی و مەینەتی هیچی تری تێدا نییە، بۆیە دەبێت مرۆڤ بەهەر رێگەیەک لەرێگاکان بووە خۆی لەژیان بدزێنەوە، هەڵبەتە پرۆسەکانی تێرامان و خۆگرتنەوە لەخواردن و بێزراندنی ڕابواردن و کەیفخۆشی بڕبڕەی پشتی فەلسەفەی هیندۆسی پێکدەهێنن، لەو ئاینەدا مرۆڤ تاڕادەی فەرامۆشکردنی تەواوەتی جەستە ڕادەمێنێت، چونکە جەستە مادەیەو مادەش پێکهێنەری بوونە، بوون مادەیە، مادەش سەرچاوەی هەموو خەم و ئازارێکە. تائێرە هەموو ئەوەی باسکرا بریتی بوو لەدیدو فەلسەفەی شۆپنهاوەر بۆ ژیان، ئەگەرچی ئەم فەلسەفەیەش زۆرجار لەلایەن کۆمەڵگەوە رەتدەکرێنەوە، هەروەک سەرەتا فەلسەفەکانی شۆپنهاوەریش رەتکرانەوە، بەڵام لەقۆناغێک لەقۆناغەکانی ژیاندا ئەم فەلسەفەیە دەبێتە جێگەی سەرنج و بایەخپێدان، وەک دەڵێن جەنگاوەر هەمیشە دوایین فیشەک بۆ کوشتنی خۆی دەهێڵێتەوەو مرۆڤیش لەم ژیاندا جەنگاوەرێکە هەمیشە بیرۆکەی خۆکوشتن مێشکی بەجێنایەڵێت، گرنگیش نییە ئایا مرۆڤ خۆی دەکوژێت یان نا، مادام بیرۆکەی خۆکوشتن هەیە، ئەوا ئەنجامدان و ئەنجامنەدانی لەیەکەوە دوور نین، گرنگ ئەوەیە خۆکوشتن چارەنوسی هەموو مرۆڤێکە، بەڵام هەریەکەو بەشێوازێک خۆی دەکوژێت، هەر جۆرێک لەژیانکردن بریتیە لە خۆکوشتنێکی هێواش، بەڵام ئەوەی ڕاستەوخۆ خۆی دەکوژێت ئەو کەسەیە کە تەنها دەیەوێت پێشبکەوێت،



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

مەسەلەکە بریتیە لەڕیزبەستنێک و دوربیت یان نزیک هەر سەرەت دێت.

شۆپنهاوەر فەلسەفەکەی لەسەر ئەم بنەمایانە دارشت: یەکەم: بوون بریتیە لە مادەی رەهاو، جگە لەمادە هیچ شتێک نیە لەبووندا، دووەم، زانست بریتیە لە ئیرادەو بیرۆکە، سێیەم: ئیرادەی هەمەکی لەبووندا بایەخ بەوە دەدات کە ژیان بەهەمەجۆریەکەیەوە بمێنێتەوە، چوارەم: مردن دوژمنی سەرسەختی ئیرادەی هەمەکیە، بەڵام ئەم ئیرادەیە دەیبەزێنێت لەرێگەی سێکس و هاوسەرگیری و خستنەوەی وەچەوە، هەربۆیە ئەو پێیوایە سێکس پاڵنەری سەرەکی هێشتنەوەی ژیان و غەریزەی یەکەمە، لێرەدا کاریگەرە بە قوتابخانەی فرۆید لەزانستی دەروونناسیدا. پێنجەم: ژیان هەمووی شەڕو خەم و خەفەت و حەسرەتە و، شتێک نییە بەناوی کامەرانیەوە لەژیاندا، بەڵکو هەستکردن بەخۆشی لەوکاتەدایە کە تەنها ئازار کەمێک هێواش تر دەبێتەوە ئەگینا ئازار هەر باقیە. شەشەم: ئامرازی ئیرادەی هەمەکی لەجێبەجێکردنی ئامانجەکانی لەهێشتنەوەی جۆرەکان لەمرۆڤدا دوو شتە: عەقڵ و غەریزەی سێکسی.

حەوتەم: بوون هەمووی شەڕە، چونکە ئـازارو ناڕەحەتی دوو شتی ئیجابین، بەڵام ئەوەی پێیدەوترێت کامەرانی و چێژ، ئەوا شتێکی سلبیە و زوو تێپەڕەو ئەوەی کەبەردەوام دێتەوەو ئامادەیی هەیە ئازارە.

هەشتەم: بێزراندنی ژیان و ئارەزوی خۆکوشتن وەک رێگەچارەیەک بۆ دەربازبوون، هەربۆیە شۆپنهاوەر ئارەزوی خۆکوشتن دەکات و بانگەشەی بۆ دەکات.

رەنگە قسەکردن لەسەر هەموو لایەنە فەلسەفی و تێروانینەکانی شۆپنهاوەر کاتێکی زۆرو هەم و بوارێکی فراوانیشی پێویست بێت، کە ئەمە لەدوو توێی بابەتی گۆڤارێکدا جێگەی نابێتەوە، بۆیە لێرەدا تێڕوانینی شۆپنهاوەر بۆ مادە دەکەینە بواری قسەلێکردن و خستنەڕووی هەندێک سەرنجی خودیی لەوبارەیەوە.

شۆپنهاوەر پێیوایە بوون بریتیە لەمادەیەکی رەهاو، بوونیش سەرچاوەی هەموو شەرو نەهامەتی و حەسرەتیەکە، هەڵبەتە شۆپنهاوەرو هەموو ئەو فەیلەسوفانەی تریش پێش شۆپنهاوەر و دوای ئەویش هاتوون، لەو دیدەوە

سەیری مادەیان کردووە کە دەکرێت پێیبڵێین مادەی بەرجەستەبوو، یان ئەوەی کە پێناسە تەقلیدیەکەی مادە دەیگرێتەوە کەدەڵێت هەر شتێک لەگەردوندا بارستایی هەبێـت و شوێنێک داگیر بکات ئەوە مادەیە، بەڵام ئایا مادە گۆڕانی بەسەردا نایەت یان ئایا مادە تەنها ئەو دۆخانەی هەیە کە پێیاندەوترێت دۆخەکانی رەقی و شلی و گازی، یان دەکرێت مادە دۆخێکی تریشی هەبێت وەک ئەوەی زانای ئەتۆمی میسری و هاوەڵی ئەنشتاین "عەلی مشرفە" دەڵێت :" مادە لەبنچینەیدا تیشکدانەوەیە، دەکرێت بە دوو وێنە دابنرێن بۆ یەک شت کەیەکێکیان دەگۆڕێت بۆ ئەوی تریان، شتەکان لەبووندا تەنها لەدۆخێکدا مادەن و لەدۆخێکی تردا دەبنە تیشک، ئەم وتەیەی مشرفە دەتوانین وایش لێکیبدەینەوە کە ئەسڵی شتەکان تیشکە نەک مادە بەمانا تەقلیدیەکەی، کەواتە لەم تیۆرەوە دەتوانین وا لەبوون بڕوانین کە لەبنچینەدا تیشکە نەک مادە، گەردون تیشکە و ئەوەیش کە پێیدەوترێت مادە بەرجەستەبوونی تیشکەکانە لەدۆخێکدا کە دەکرێت پێیبڵێین دۆخی مادی شتەکان.

شۆپنهاوەر هۆکاری ئازارکێشی مرۆڤ دەگێڕێتەوە بۆ ئەوە، کەمرۆڤیش وەک هەر شتێکی تر مادەیە، بەفەرامۆشکردنی لایەنی رۆح لەمرۆڤدا کەجەوهەری مرۆڤە، مرۆڤ لەجەوهەریدا رۆحە نەک مادە، جەستەی مادیی مرۆڤ وەک خەرمانەی دەوری مانگ وایـە،وەک چۆن مانگ هەمیشە خەرمانە نادات و خەرمانەی مانگ لەزەمەن و ئان و سائێکدا روودەدات، بەمادیی بوونی مرۆڤیش لەئان و سائێکدا رودەدات کەمرۆڤ لەفۆرمێکی مادیدا بەرجەستە دەبێت، مرۆڤ تەنها لەقۆناغێک یان دۆخێکی دیاریکراو و هەلومەرجێکدا هەست بەجەستەی خۆی دەکات و بەرجەستە دەبێت، ئەوکاتەش کە بەرجەستە دەبێت لایەنە مادیەکەی زیاتر کارا دەبێت و لایەنە رۆحیەکەشی بەرەو خامۆشی دەچێت، ئەمەش هەر ئەوەیە کە شۆپنهاوەر گوزارشتی لێدەکات کە دەڵێت هەموو بوون (بەمرۆڤیشەوە) مادەیەو مادەشە سەرچاوەی ئازارە، فەلسەفەکەی شۆپنهاوەر تا ئەو شوێنە ڕاستە کە مرۆڤە هەر بەتەنها مادە بێت و داماڵراوبێت لەرۆح، بەڵام ئایا مرۆڤ بەتەنها مادەیە، یان مادە شتێکی لاوەکیە بەنسبەت بوونی مرۆڤەوە، لێرەوە ئێمە ناچار دەبین بەتێڕوانینێکی ئاینیەوە بڕوانینە مرۆڤ، چونکە تا

بەرابیەکانی ئەم سەدەیەش ئاکە دیدو ئێڕوانینێکە کەپێیوایە مرۆڤ هەر مادە نییە، ئێڕوانینی ئاینی بووە، و ئەوە ئاینەکانن کە جەختێ لەلایەنی رۆحی مرۆڤ دەکەنەوەو ئایدیاکانیشیان هەر لەسەر ئەم بنەمایە فۆرمەلە دەکەنەوە.

بەڵام ئێمە بەدەر لەهەر دیدێکی ئاینی و وەک ئەوەی زانایانی بواری ئەتۆم و لەپێش هەمووشیانەوە "مشرفە" دوپاتیدەکەنەوە کە شتەکان لەدۆخێکدا مادەن و لەدۆخێکی تردا دەبنە تیشکدانەوە، واتە شتەکان خۆیان لەبنچینەدا تیشکن و لەدۆخێکدا دەبنە مادەو لەدۆخێکی تریشدا تیشکدانەوە، گرنگی ئەم تیۆرەو رۆیشتن لەسەر ئەم دیدە هەر لەبەر خزمەتکردنە بەخودی بابەتەکە، چونکە ئەم بابەتەی ئێمە لەسەر فەلسەفەی رەشبینانەی شۆپنهاوەرە، کەبوون بەمادەیەکی رەها دەزانێت، بەڵام ئەگەر ئەمە بەنسبەت هەر شتێکی تری ناو ئەم بوونەوە راست بێت، بەنسبەت مرۆڤەوە ڕاست نابێت، چونکە مرۆڤ لەوکاتانەدا هەست بەخودی ڕاستەقینەی خۆی دەکات، کە جەستەی (مادیی) خۆی فەرامۆش دەکات، رۆح لەمرۆڤدا دەبوژێنەوە هەرکات جەستە رووی لەخامۆشی کرد، حەقیقەتی بوون رۆحە نەک مادە، تیشکەو مادەش تەنها پرۆسەیەکە لەپەرچکردنەوەی ئەو تیشکە واتە مادە بریتیە لەتیشکدانەوە، وە ئەمە پشت بەڕاستیەکی زانستی دەبەستێت و زانایان جەختی لێدەکەنەوە.

هەر جۆرە راڤەکردنێکی مادیی بۆ بوون دواجار سەری لەفەلسەفەیەکی رەشبینانەوە دەردەچێت، ئیدی هەر کەسێک و هەر فەیلەسوفێکی تر تەبەنی ئەم دیدە بکات.

مادام شۆپنهاوەریش بڕوای بەڕزگاربوون هەیە لەمادەو بۆ ئەمەش بانگەشە بۆ خۆکوشتن دەکات، کەواتە دەکرێت جگە لەپێشنیاری خۆکوشتن وەک رێگەچارەیەک بۆ رزگاربوون چارەی تریش هەبێت، ئەویش ئەوەیە مرۆڤ رۆحی خۆی مەزن و گەورە بکات، چونکە بە مەزنبوونی رۆح و گەورەبوونی لایەنی رۆحی مرۆڤ دەگۆڕێت لەبوونەوەرێکی مادیەوە بۆ بونەورێکی بانی مادی و باڵا، ئەم مرۆڤە باڵایە چیدی هێندە هەست بەئازار و میحەنت و حەسرەت ناکات، بەڵکو هێوردەبێتەوە هەرچەندەش هێشتا هەر مەحکومە بە جەستە مادییەکەی بەڵام، ئەم مرۆڤە خۆشبەختە و خۆشبەختیەکی ڕاستەقینەو هەمیشەیی، تەنانەت ئازارو

نەخۆشی و پیری و مردنیشی ناتوانن ئەو خۆشبەختینەی لێبسەننەوەو حەسرەتباری بکەن، مرۆڤ بۆ ئەوەی رزگاری ببێت، پێویستە خۆی نەکوژێت، چونکە رۆحی ئەو مرۆڤەی خۆی دەکوژێت و خۆی لەژیان دەدزێتەوە رۆحەکەی هێندە بچووکە، تەنانەت دوای خۆکوشتنیشی هەر لەناو بازنەیەکی مادیانەدا بەرجەستە دەبێتەوە، هەر ئەمەش راڤەی ئەو دیدە ئاینیە دەکات کە دەڵێت مرۆڤی دونیاپەرست و مادیی تەنانەت دوای مردنیشی هەر لەحەسرەت و ئازارو نارەحەتیدایە، چونکە هێشتا نەیتوانیەوە دۆخە مادیەکەی تێبپەڕێنێت، هەربۆیە خۆکوشتن چارەسەر نییە بۆ هەڵهاتن لەئازارو لەژیان، من پێموایە نەزعەی خۆکوشتن لای شۆپنهاوەر هێندەی کاریگەربوونە بەخۆکوشتنی باوکی وەک هەڵهاتن لەکێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتیەکان هێندە رەهەندێکی فەلسەفی قوڵی نییە لای شۆپنهاوەر، چونکە ئەگەر شۆپنهاوەر کاریگەرە بەفەلسەفەی هیندۆسی کە ژیانی مادیی دەبێزرێنێت و پێشنیاری ئێرامانێکی قوڵ دەکات، تاڕادەی فەرامۆشکردنی جەستە، هێندەی ئەوەی ئەم فەلسەفەیە بانگەشە بۆ پەروەردەکردنی رۆح دەکات، بۆ ئەوەی لەداوی جەستە دەربازی بێت، هێندە بانگەشە ناکات بۆ کوشتن و لەناوبردنی جەستە بەشێوەیەک فیشەکێک بنێیت بەخۆتەوە یان لەشوێنێکی بەرزەوە خۆت فڕێبدەیتە خوارەوە، راستە وەک شۆپنهاوەر دەڵێت پێویستە ئێمە خۆمان بکوژین بۆ ئەوەی لەم بوونە مادییە رزگارمان بێت، بەڵام خۆکوشتن بەمانا سادەکەی نا، بەڵکو بەو مانایە کە برینی بێت لە بێزراندنی مادیی و پەروەردەکردنی رۆح و گەورەکردنی رۆح تا، ئەوەی خودی جەستە بچوک دەبێتەوەو دەپوکێتەوە، ئێمە ئەگەر لایەنی رۆحی خۆمان گەورە بکەین، جەستە خۆی سیفەتە مادیەکەی لەدەستدەدات و وەردەچەرخێت لەمادەوە بۆ تیشکدانەوەو دەبێتەوە بەتیشک یان بەرۆح.

لێرەوە دەکرێت بڵێین (بوون) لەناو فەزایەکی دەفریدایە، گەردوون بێ پایان نییە، هەموو شتەکان کە بەر دیواری گەردوون دەکەون، جارێکی تر دەگەڕێنەوەو رووەدەدەنەوە، ئەوەی رووەدەدات پێشتر ڕویداوە، شتێک نییە سەرەتا بێت و شتێکیش نییە کۆتایی، کۆتایی و سەرەتا پێکەوە گرێدراون، بێئەوەی دیاربێت لەکوێدا گرێدراون، وەک بازنەیەک کە نە سەرەتای هەیەو نەکۆتایی،

کەچی بوونیشی هەیە، ئایا بازنێک سەرەتاو کۆتایی هەیە؟، بوونیش هەر ئاوایە،لەڕاستیدا شتێک نییە بەناوی مردنەوە،مردن هەوڵێکی شکستخواردوانەیە بۆ رزگاربوون.

پرسیار دەکرێت لەبارەی بوون و نەبوونەوە؟، بوون و نەبوون دوو دیوی یەک شتن، لەناو نەبووندا بوون هەیەو، لەناو بوونیشدا نەبوون، بوون و نەبوون ئیدارکی جەستەیی ئێمە جیایان دەکاتەوە، ئەگینا لـەدەرەوەی ئەم ئیدراکەی ئێمەوە، بوون قووڵبوونەوەو نزیکبوونەوەیە، نەبوونیش دوورکەوتنەوەیە، بوون لەناو بۆشاییەکاندایە، بچۆرەوە ناو بۆشاییەکان بوونەکان دەدۆزیتەوە، لەبۆشاییەکان بچۆرە دەرەوە بوونەکان وندەکەینەوە، وەک ئەوەی دووربینێک لەچاو بکەیت و لایبەریت، هەندێک شت وندەکات و هەندێک شت دەدۆزێتەوە، بوون تەنها بوونێکی بەرجەستەو مادیی نییە، دۆخ و کەشی ئەم فەزاو گەردونەی ئێمەیە بوونی لەشێوەیەکی مادیدا بەرجەستە کردووە، وەک ئەوەی ئەم فەزایە سیفەتی ئاوێنەیی هەبێت و تێیدا شتەکان بەدیاربکەونەوە، بەڵام مەرج نییە هەموو فەزاو ئاسمانەکانی تر ئەم سیفەتە ئاوێنەییان هەبێت، وەک چۆن ئاسمانی زەوی لەدڵی دەریادا جێی خۆی کردوەتەوە، سەیری دەریاکە ئاسمان دەبینیت، زەویش لەدڵی ئاسماندایە، بوونەوەرەکانی سەر زەوی لەناو تیشکێکەوە هاتوون کە لەوپەڕی گەردوونەوە بەرێکەوتووە، کاتێک بەر تەنێکی پەرچدەرەوە دەکەون بەرجەستە دەبنەوە، بوون و نەبوون یەک شتن، بەڵام لەدوو ئاستی جیاوازدا، لەئاستێکدا بەرجەستەو لەئاستێکدا نابەرجەستە.

کاتێک مرۆڤێک لەدایک دەبێت، ئەم روداوە سەربەخۆ نییە، بەڵکو پەیوەندی هەیە بە دیاردەیەکی گەردونیەوە،هەروەها مردنیش بەهەمان شێوە، ئەم روداوە پەیوەندی بە گەڕانەوەی وەرزێکی ترەوە هەیە، رۆشناییەکە بەر دیواری گەردوون کەوتووەو گەڕاوەتەوە، ئەمە لەدایکبوونێکە نوێ نییە، سەوزبوونەوەیە لەسەر بنجێکی کۆن، بوون تەنها دەرکەوتنەوەیە لەناو چەندەها هەزار .. ملیار.. جار دەرکەوتنەوەدا، هەموو ئەوەی هەیە سەر بەیەک ساتەوەختە، هەموویان سەر بەیەک مێژووی بەدیارکەوتنن، مرۆڤ و هەموو شتەکانی تر هاوتەمەنن، کۆن و نوێ بوونی نییە، ئەوەی کۆنە روداوێکە لەساتەوەختی چونیدایەو، ئەوەی نوێیە



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

لەساتەوەختی گەڕانەوەیدایە، بۆیە هەندێکجار کۆن لامان نوێیە، نوێ لامان کۆنە، ئەمە ئەو سیفەتی چوون و گەڕانەوەیە کە هەستی پێدەکەین، نوێ بۆیە حەزی پێدەکەین تەنها لەبەرئەوەیە کۆنە، نەک لەبەرئەوەیە نوێیە، ئاشنابوونەوەیە، بوون کۆنە، ئێمە کارئەکتەری ناو چیرۆکێکین تەنها هەست بەرۆڵی دیاریکراوی خۆمان دەکەین لەناویدا، ناتوانین تەواوی چیرۆکەکە بەبیر خۆمان بهێنینەوە، ئەگەر لەخۆمان نەیەینە دەرەوەو بەرز نەبینەوەو باڵا نەبین.

خۆکوشتن مرۆڤ بەهیچ شوێنێک ناگەیەنێت، بەڵکو دەیخاتە سەر رێگەو پرۆسەیەکی بەردەوام لەدووبارەکردنەوەی ئەو کردارە، ئەمە ئەگەر ئێمە بڕواداربووین و بڕوامان بەوە هەبوو، مرۆڤ بەخۆکشتن رزگاری نابێت، بەڵکو خۆی لەهەمان فۆرم و واقیعدا بەرجەستە دەکاتەوە ئەوەی ئێستا خۆی دەکوژێت، پێشتر و لەژیانەکانی تریدا چەندین جار خۆی کوشتوەتەوە، چەندین جار بێتەوە ناو دونیا هەر خۆی دەکوژێتەوە، چونکە گوناه کردارەو کرداریش پەرچەکردارە، ماڵی گوناه لەناو دەروونداییە، ئەمە دەیمومەی ژیان و چارەنووسی ناچاریی مرۆڤەکانە، تاکە رێگایەک بۆ دەربازبوون لەم کەندەڵانە، دەرچوونی مرۆڤە لەدەروونی خۆی، مرۆڤ بۆ ئەوەی لەگوناهەکان رزگاری بێت دەبێت لەدەروونی خۆیەوە کۆچ بکات، کۆچکردن و هەڵهاتن لەهەموو بازنەکانی بێباوەڕیی، کۆچ بۆ هەڵهاتن لەو بازنانەی کە تێیاندا گوناه سوڕی خۆیی وەرگرتووەو تێیاندا دووبارە دەبێتەوە، بۆ هەڵهاتن لەگوناه و چوون بەرەو ئازادیی و، سەرفرازیی هەمیشەیی، پێویستە مرۆڤ وەرچەرخانێک لەژیانیدا دروستبکات، بۆ ئەوەی بچێتە ناو بازنەیەکی دیکەوە، باڵاتر لەبازنەی دەروونی خۆی، دەبێت مرۆڤ بچێتەوە ناو بازنەکان، ئەمەش بەمانا بنچینەییەکەی واتە قەڵمبازو چوونە سەر ئاراستەیەکی ترو پاشگەزبوونەوەیە لەوەی ئێستا لەسەرێتی، مرۆڤ یان دەبێت لەم دۆخەدا بۆ هەمیشەو هەتاهەتایە بمێنێتەوە، یان دەبێت قەڵەمبازێک بداتە ناو بازنەکانی تری ژیانی گەردونیەوە، ئەم ژیانە گەردونییە ئاستێکی باڵایە، باڵاتر لەئاستی دەروونیی مرۆڤ، مرۆڤ دەبێت کەمێک لەئاستی مرۆیی خۆی بەرزبێتەوە.

بەرزبوونەوەش لەئاستی مرۆیی بوون، واتە باڵابوون گەیشتن بەئاستێکی تر کە فەزیلەت دەبەخشێتە مرۆڤ، فەزیلەتیش واتە خۆپارێزی لەهەموو ئەو

بیرکردنەوەو کردارانەی کە مرۆڤ بە ڕەزیلەتێ دەگەیەنن و دەیکەنە مرۆڤێکی خۆپەرستێ و بۆ خۆ ژیاو و ئاقیکەرەوەی یەک بەیەکی هەموو رەزیلەتەکانی ژیان، ئەوانەی بۆ خۆیان دەژین و تەنها بیرلەخۆیان دەکەنەوە، هەموو ژیانیش لەخودی بچووکی خۆیاندا کۆدەکەنەوە، واتە مرۆڤی خاوەن سیفەتگەلێکی رەزیل و چرووک مرۆڤێکی دید تەنگ و فەزا تەنگ و رۆح بچووکە،بۆیە هەمیشە بیرۆکەی خۆکوشتن لەگەڵیدا چاوشارکێ دەکاتێ، بەپێچەوانەشەوە پەیوەستێ بوون بەفەزیلەتەکانی ناو ژیانەوەو هەموو ئەو کردەوانەی دەبنە مایەی ئەوەی خەڵک کامەران بن و سودیان پێبگەینێتێ، وا لەمرۆڤ دەکەن هەستێ بەئاسودەیەکی بێهاوتاو زۆر بکاتێ، ئەوکاتێ دەبێتە موریەک لەگەڵ ئەو مورووانەدا کەپێکەوە بازنەیەکی گەورەو فراوان پێکدەهێنن، و بەتەنها مورویەک نامێنێتەوە لەناو بۆشاییەکی تەنهاو تەریکدا، ئەو بۆشاییەی کە مرۆڤ بۆ ناو تونەکانی خۆکوشتن و خۆ نەفیکردنەوە پەلکێشدەکاتێ.

* مذاهب فكرية معاصرة – عرض ونقد – ، للدكتور محمود مزروعه ، (189–207) .

* ويكيبيديا الموسوعه الحره.

* شوبنهاور وفلسفه التشاؤمتاليف: وفيق غريزى الناشر: دار الفارابى

* شوبنهاور تاليف: عبد الرحمن بدوى الناشر: دار القلم

*شوبنهاور: فيلسوف الإراده والتمثل

* بوون ئاوێنەو خودا نور – محمد چیا–

## گفتوگۆی برایان ماگی لەگەڵ فردریک کاپلستن
## دەربارەی شۆپنهاوەر

لە فارسییەوە: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

**پێشەکی:**

ماگی: لەوانەیە وا هەست بکەین کە ئاقانە رشتەیەک کە پەیڕەوی لە خولیا لە دایکبووەکانی (سەلیقەی رۆژ)نەکات، فەلسەفەیە بەڵام وانییە. لە فەلسەفەشدا وەکو گشت چالاکیە مرۆیەکانی تر ، هەموو نەوەیەک لەبەرامبەر بەهاکانی نەوەی رابردوودا کاردانەوە نیشاندەدات سەرەنجام ئەو نووسەرانەی کە بەرهەمەکانیان بە فراوانی دەخوێنرێنەوە، دەکەونە بۆتەی بایەخپێنەدانەوە، کۆمەڵێک سیمای تازە دێنە پێشەوە.

دەرئەنجامی کار پێدەچێت ئەمەبێت کە لە هەر زەمەن و شوێنێکی دیاریکراودا، زۆربەی کات هەر چەند فەیلەسوفێکی  بە پەنجە ژمێر دەبنە (باوی رۆژ) و دەخوێنرێنەوە و لە هەمانکاتدا ژمارەیەک لە فەیلەسوفە بەناوبانگەکانی تر بەشێوەیەکی رێژەیی دەسپێرن بە بێئاگایی، بەڵام دواتر نەوەیەکی تازە دێت و بایەخ بەیەک دوو کەس لەم فەیلەسوفە فەرامۆشکراوانە دەدات و ئەمانە سەرلەنوێ دەبنەوە (باوی رۆژ) و هەر بەم جۆرە ئەم رەوتە بەردەوامدەبێت.

لەو فەیلەسوفانەی کە لە دووسەد ساڵی رابردوودا بە ئاشکراترین شێوە دووچاری ئەو چارەنووسە بوون، یەکێکیان شۆپنهاوەرە کە لە کۆتایی تەمەنیدا - واتە بە شێوەیەکی زۆر تەقریبی، نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم- کەم و زیاد یەکسەر لەبەرچاوناگیرێ، بەڵام دواتر لە نیوەی دووەمی ئەو سەدەیە، گەیشتە پلەی یەکێ لە ناودارترین و بەبڕشترین فەیلەسوفەکان، بەڵام دیسانەوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا شۆپنهاوەر کەوتە ناو گێژاوی فەرامۆشیەکی زۆر قووڵەوە کە ئیتر تەنانەت زۆربەی مامۆستایانی فەلسەفەش نووسینەکانیان نەدەخوێندەوە، وێڕای ئەمە سەرلەنوێ لە چەرخی ئێمەدا شۆپنهاوەر وردە وردە دەبێتەوە جێگەی بایەخ و سەرنج و یەکێ لە بەڵگەکانیشی ئەمەیە کە

کاریگەریەکی بەرجەستەی لەسەر یەکێ لە گرنگترین فەیلەسوفەکانی سەدەی بیستەم- واتە ویتگنشتاین- بەجێهێشتووە.

شۆپنهاوەر لە (1788) دا لە شاری دانزیگ یان (گدانسک) ی ئێستا لە دایکبووە، خێزانەکەی نەوە لە دوای نەوە لە کۆمەڵە بازرگانە دەوڵەمەندە هانزاییەکان بوون و شۆپنهاوەر بە ئامانجی چوونە ناو مەیدانی بازرگانی نێوەدەوڵەتیەوە پەروەردەکرابوو، نەک ژیانی زانکۆیی و زانست و لێکۆڵینەوە، بەڵام ئەو پەیوەندی بەبنکەی بازرگانی خێزانییەوە نەبوو و بە پێداگریەوە چووە زانکۆ و هەموو تەمەنی خۆی بەوە داهاتە تایبەتیەی کە هەیبوو لە خوێندنەوەی سەربەست و نووسنیدا خەرجکرد نامەی دکتۆراکەی- بە ناونیشانی (On the four fold root of the sufficient reason) - ئەمڕۆ وەکو لە بەرهەمە بچوکە کلاسیکیەکەندا بەرجەستەبووە، شۆپنهاوەر هێشتا بیست و چەند ساڵا بوو کە چوار ساڵا لە تەمەنی خۆی تەرخانکرد بۆ نووسینی شاکارەکەی ((جیهان وەک ویست و وێناکرد))، کە لە ساڵی 1818 دا و کاتێ کە پێیدەنایە تەمەنی سی ساڵیەوە، بڵاوکرایەوە( چونکە لە لاپەڕەی ناونیشانی کتێبەکەدا، ساڵی چاپەکەی 1819 نووسراوە، زۆرکەس بە هەڵە ساڵی چاپەکەی دەنووسن) لە دوای ئەوە تا کاتی مردنی لە تەمەنی حەفتاودووساڵیدا و لە 1860، شۆپنهاوەر کۆمەڵێک بەرهەمی زۆری بڵاوکردەوە، بەڵام هەموو ئەم گەشەپێدان و شەرح و شرۆڤە زیادکردنە بە دەوڵەمەندی دەزگایەک لە فەلسەفە کە لە لاوییەتیدا و لە پێش تەمەنی (سی) ساڵیەوە بە دیهێنابوو، پاشانیش هەرگیز لەو لایەنەدا و پاشگەز نەبوەوە، هەروەها هەڵبژاردەیەک لە کۆمەڵە وتارەکانی لە ژێر ناونیشانی (Parerge and paralipomena) و دوو کتێبی کورتی نوکتە ئامێزی لە بارەی ئەخلاقەوە یەکێکیان بە ناوی (بنەماڵەی ئەخلاق) و ئەوی تریشیان (ئـازادی ئیرادە) بڵاوکردەوە کتێبێکی بچوکی تریشی هەیە بەناوی ((ئیرادە لە سروشتدا)) کە لەوێدا دەیەوێت نیشانیبدات کە دۆزینەوە تازە زانستیەکان پەسەندکەری بیروڕکانی ئەوە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر نووسینی سەرلەنوێی ((جیهان وەک ئیرادە و وێناکردن)) بوو کە زیاتر لە دوو هێندەی قەبارەی چاپی یەکەمی بوو لە ساڵی (1844) دا بڵاوکرایەوە، شۆپنهاوەر خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی سەرنجراکێشە، بەوەی کە بەرهەمەکانی

بەبێپچڕان لە دوای نووسینەکانی کانت دێت و پێگەیەکی پتەوی لە رەوتی سەرەکی فەلسەفەی خۆرئاوادا هەیە، هەروەها ئاگاداری ئاینیی هندۆسی و ئاینیی بودایییە و تاکە فەیلەسوفی جێ متمانەی خۆرئاوایە، کە ئاماژە بە لەیەکچوونە گرنگ و پڕ ماناکانی نێوان فەلسەفەی خۆرهەڵات و خۆرئاوا دەکات، جگەلەمەش یەکەمین فەیلەسوفی جێ متمانەی خۆرئاوایە، کە بە ئاشکرا و راشکاوانە نکۆڵی لە بوونی خودا دەکات. وێڕای ئەمە هیچ فەیلسوفێکی گەورەی تر وەکو شۆپنهاوەر ئەو پلەوپایە بەرزە لە سیستمی بوون بۆ هونەر تایبەتمەند ناکات و ئەم هەموو قسە بیستراوانە لەم بارەیەوە ناڵێت، بێگومان هەر بەوهۆیەشەوە کە کاریگەری ئەو لەسەر هونەرمەندانی داهێنەر، لەهەر فەیلەسوفێکی تر لە چەرخی نوێ زیاتر بووە، بۆ خۆیشی یەکێکە لە گەورەترن مامۆستایانی پەخشانی ئەڵمانی و زۆرێک لە رستە و دەستەواژەکانی ئەوەندە جوان و درەوشاوەن، کە هەندێ کەس بەبێ سەرنجدان بە شێوازی ماناکانیان، سەدان بڕگەیان هەڵبژاردووە و لە شێوەی کتێبی بچوکی بچوکی پڕ لەوتەی هەڵبژاردە بە چاپگەیاندووە، ئەم کارە لە رووی زانستیەوە کارەساتباربووە، چونکە ئەم حەقیقەتەی شاردوەتەوە کە شۆپنهاوەر بە پلەی یەکەم دەزگاسازە و فەلسەفەکەشی ئەگەر بە تەواوی نەخوێندرێتەوە، مومکین نییە دەرکی پێبکرێت.

دوورودرێژترین و تازەترین کتێبی، کە لە کاتی ئەم گفتوگۆیەدا دەربارەی فەلسەفەکەی ئەو، بەزمانی ئینگلیزی دەست دەکەوێت - بە داوای لێبوردنەوە- بە قەڵەمی خودی منە، بەڵام چونکە لەم زنجیرە بەرنامانەدا شوێنی تاقەبێژی نییە، هەر بۆیە بانگهێشتی نووسەرێکی ترم کردووە کە کتێبی دەربارەی شۆپنهاوەر هەیە و لەم وتووێژەدا بەشداریم لەگەڵدا دەکات، ئەویش ـــفردریک کاپلستن، مامۆستای نایابی مێژووی فەلسەفە لە زانکۆی لەندەن)ە بە هەرحاڵ خۆی دیارترین مێژوونوسی زیندووی فەلسەفەیە و ئەمە جگەلەوەی کە توێژینەوەیەکی دەربارەی شۆپنهاوەر ئەنجامداوە، کە لە کتێبە نۆ بەرگیە بەناوبانگەکەیدا(( مێژووی فەلسەفە)) دا بڵاویکردوەتەوە، هەروەها کتێبێکی تریشی بە جیا بە ناونیشانی ((ئارسەر شۆپنهاوەر: فەیلەسوفی رەشبینی)) نووسیوە.



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

**وتو وێژ:**

ماگی: لەوانەیە باشترین ڕێگەی دەستپێکردنی وتوێژ، خستنەڕووی ئەم پرسیارە بێت کە شۆپنهاوەر دەیەویست چی بکات؟ وەڵامی تۆ بۆ ئەم پرسیارە چییە؟

کاپلستن: وای بۆ دەچم شۆپنهاوەریش وەکو زۆر لە فەیلەسوفە داهێنەر و نوێخوازەکانی تر دەیەویست دەرک بەو جیهانە بکات کە لە دەوروبەری خۆیدا دەیبینی و تیادەژی یان دەشێ بڵێم کە هەوڵیدەدا دەسکەوتێکی یەکپارچە و تۆکمە لە ئەزموونی مرۆیی هەڵکرێنێ، یان لە رووی ئەقڵیەوە زاڵا بێت بەسەر جیهانی فینۆمینەو، نۆمینەدا بۆ ئەم کارەش هات بە خەیاڵیدا کە پێویستە واقعیەتی بنەڕەتی بناسێت، ئەگەر کەسێک بپرسێت کە بۆچی ئەو هەستی دەرکرد واقیعیەتی بنەڕەتی بوونی هەیە کە بناسرێت، پێموایە یەکێک لەلایەنە سەرەکیەکانی ئەمەبوو کە لەو دەرەنجامانەوە دەستی پێدەکرد کە ئیمانۆئیل کانت بە مسۆگەری لە قەڵەمدابوو باوەڕی وابوو کە ئێمە جیهان لە دیدگای مرۆڤایەتییەوە دەبینین و زهنی مرۆ بە جۆرێ هەر لەسەرەتاوە وا داڕێژراوە کە جیهان بە شێوەیەکی تایبەت ببینێ.

بۆ نمونە ناتوانین ئەو شتانەی ئەزمون بکەین بەدەربن لە کات و شوێن و راستێنەی هۆ و بەرهۆ ((علت و مصلول)) بن، بەڵام هەڵبەتە دیارە کە چۆن شتەکان بە شێوەیەکی تایبەتی دێنە پێشچاومان، کە پێویست نییە لە دەروونی خۆشیاندا هەروابن، واتە جیا لەو شێوەیەی کە دەردەکەوێت چەمکی ((فینۆمینە –Phenomenon)) واتە شتێ بەو جۆرەی کە بە ناسینی مرۆیی دێتە بەرچاو– پێویستی بە چەمکی (( نۆمینە))یە، واتە شتێک لە خودی خۆیدا، یان شتێک بەوجۆرەی کە لە خودی خۆیدا بوونی هەیە، بەدەر لەمەی کە چۆن دێتە پێشچاومان، یان دەردەکەوێت.

کانت سەرسەختانە خۆی بەدوورگرتبوو لە رەهاکردنی بۆچوونی شت لە خۆدا، بەڵام لە هەمانکاتدا باوەڕی وابوو کە بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی سروشتی شت لە خۆدا بۆ ئێمە زەحمەتە و مەعریفەی تیۆری مرۆڤ سنوردارە بە جیهانی فینۆمینەکان، بەڵام شۆپنهاوەر دەویست لانی کەم شت لە خۆدا بناسێ.

ماگی: ئەم بۆچوونە هێندە جێگەی بایەخە- و ئێمە هێندە بەڕێگەی جیاوازدا پیایدا گەڕاوین- کە شیاوە کەمێ لێی وردبینەوە، بە تایبەتی لەم لایەنەوەی کە ئەو کە سانەی تازە ئاشنای ئەم فیکرە دەبن، بە ئاسانی توانای تێگەیشتنی ئەوەیان نییە، کانت بەڵگەی هێنمابوەوە کە تاکە ڕێگەی بەدەستهێنانی ئەزموون لای ئێمە لە ڕێگەی ئۆرگانە زانیاری وەرگرەکانی لەشمانەوە، واتە ئامێری مێشک و دەمارەکانی هەستمانەوەیە، وێڕای ئەمە ئەوی بە ئەزموون بۆ ئێمە دەستەبەر دەبێت نەک، تەنیا پەیوەندی بەمەوە هەیە کە ((لەدەرەوە)) چی هەیە کە ببێتە ئەزموون ، بەڵکو وابەستەیە بە سروشتی هێز ((ویستی ئازاد))ی ئێمەشەوە هەیە و چی بکەن لەگەڵا ئەوەی کە ویستی ئێمە باڵ بدەنە چ شتێ، یاخود ئەوەی کە باڵای پێدەدەن، مانای ئەم وتەیە ئەمەیە کە ئەو شێوەیەی کە ئەزموون بە واقیعی پەیدایدەکات، پەیوەستە بە ناسینەوە، پاشان کانت لەسەر ئەم بنەمایە بەڵگە دەهێنێتەوە کە دەشێ هەموو واقیع لە دەستەواژەی دوو قەڵەمڕەودا پێشبینی بکەین، یەکێکیان قەڵمڕەو و ئەزمونەکانی ئێمە کە بەم بەڵگەیە وەهایە، کە ئێمە بەمجۆرەین و ناتوانین بەدەر لەمە دەرک بەشتەکان بکەین، کانت ناوی ئەم قەڵمڕەوی نا (فینۆمینە)، پاشان قەڵمڕەوی شتەکان دێت بەوشێوەی کە لە خۆیاندان یا لە خودی خۆیاندان، سەربەخۆن لە ئێمە و لە ئەزمونەکان ئەم قەڵمڕەوەش ناودەنێ (نۆمینە) وشەی (نۆمینە) واتە (( شتێک بەوجۆرەی کە لە خودی خۆیدایە)) بە پێی سروشتی کار، بۆ ئێمە زەحمەتە کە هیچ هەڵگرتنەوەیەک یان چەمکێ لەم قەڵمڕەوە وەربگرین دنیای ئێمە - دنیای ئەزموونی، دنیای ژیانی ڕۆژانە و هەستی ئاسایی ، دنیایەک کە زانستی تایبەت سەروکار یان لەگەڵیدا هەیە - هەمان دنیای فینۆمینەکان سەرنجدان لەم خاڵە بایەخی هەیە کە لای فەیلەسوفەکانی وەک کانت و شۆپنهاوەر، دنیای ئەزمون لەگەڵا جیهانی فینۆمینەکان یەکێکە و شێوەکان لەو جۆرە جیهانەدا پەیوەستن بە زهنی مەدرەک یان ناسراوەوە، شۆپنهاوەر سەرجەم ئەم شیکردنەوانەی لە کانتەوە وەرگرت و پاشان فشاری خستەسەر مێشکی کە مومکینە چ پەیوەندییەک هەبێت لە نێوان ئەو جیهانەی کە خۆی پیشانی ئێمە دەدات، یان دەردەکەوێت ئەو وتەی کانتی قبوڵ بووە کە جیهان بەو جۆرەی کە بۆ خۆی هەیە ناکرێت ڕاستەوخۆ

بناسرێت، بەڵام لەم ئەندێشەیەدا بوو کە ئایا شیکردنەوەی بەش بە بەشی جیهانی فینۆمینە، ناشێ هەندێ ئەمارەتی گرنگ بداتە دەستمان کە جیهان بۆ خۆی دەبێت چۆن بێت؟ دەڵێم بێگومان، چونکە جیهانی فینۆمینە ئەگەر بێین گوزارشتی لێ بکەین، هێنانە پێشچاوی جیهانە لە خودی خۆیدا، کەواتە شۆپنهاوەر بەم شێوازە ناراستەوخۆیە دەیویست پەی بە سروشتی واقیعیەتی بنەڕەتی ببات، ئایا هەست ناکەیت ئەو لێکۆڵینەوەکانی بەم ئاراستەیەدا دەبرد؟

کاپلستن: ئەی بۆ نا پێموایە گرنگە سەرنجبدەین، کە بە بیروڕای شۆپنهاوەر دەشێ تەنیا واقیعیەتێکی بنەڕەتی بوونی هەبووبێت، کانت بۆ دادوەریکرد لەسەر هەستی ئاسایی گریمانەی ئەمەی کردبوو، کە ئەگەر مێزێک بوونی هەبێت و لە ئێمەوە دیارە، کەواتە دەبێت ئەم مێزە بۆخۆی یان بەوجۆرەی کە لە خودی خۆیدایە بوونی هەبێت، ئەگەر فەرشێک هەیە و لە ئێمەوە دیارە، دەبێت بۆخۆی یان بەو جۆرەی کە لە خودی خۆیدایەتی بوونی هەبێت و بەهەمان شێوە دەبێت چڕییەک لە شت و مەک لە خودی خۆیدا هەبێت، بەڵام ئەگەر پەیوەندی کات و شوێن و پەیوەندی هۆ و بەرهۆ لە هزرماندا بسڕینەوە، ئیتر هۆکارێک نامێنێتەوە کە هیچ شتێ لە شتێکی تر جیابکەینەوە، کەواتە ئەگەر واقیعیەتی بنەڕەتی، زیاتر لە کات و شوێن و هۆیەتی و بەشێوەیەکی گشتی بەدەر لە جیهانی فینۆمینە بێت، بەناچاری دەبێت تاک و تەنیا بێت ژمارە و فرەیی و جۆراوجۆری پەیوەستە بە جیهانی فینۆمینە، هەر بۆیە هەڵەیە کە گومان بکەین شۆپناوەر واقیعیەتی بنەڕەتی بە هۆکاری دەرەوەی جیهان - واتە هۆکاری سەروتر و ئەوپەڕی دنیای کات و شوێن- دەزانێت شۆپنهاوەریش وەکو کانت چەمکی هۆکاری تەنیا لە جیهانی فینۆمینە و دنیای هەست و ئەزموون بە راست دەزانێت، واقعیەتی بنەڕەتی، یان شت لە خۆدا یان خودی تەواو (( یا (نۆمینە) ))، ناوەڕۆکی جیهانە ( واتە جیهان بەو جۆرەی کە دەنوێنێ و دەردەکەوێت) و لە راستیدا دەبێت بوترێ ئەوە شتێکە کە نمودەکەی ((بەرچاوییەکەی)) ئەمەیە، بەڵام ئەو شتێکە کە نمودەکەی ئەمەیە حەقیقەتی ناخی جیهانە، نەک شتێکی یەکجار زیاتر لە جیهان.

ماگی: ئەم واتایە بەراستی هێندە دژوارە کە پێموایە بەهای ئەوەی هەیە هێدی هێدی شیبکەینەوە و باسیبکەین شۆپنهاوەر بەڵگە دەهێنێتەوە جیاوازی

شتێک لەگەڵا شتێکی تردا - لە راستیدا جیاوزازی هەر شتێک لەگەڵ شتێکی تر- تەنیا سەرنجدان و گەڕانەوە بۆ کات یان شوێن یان هەردووکیان، سەردەگرێ و مانای هەیە ئەگەر دووشت کات و شوێنیان یەک بێت، لە راستیدا هەردووکیان یەک شتن یان هەمان شتن، سەرەنجام چەمکی بوونی شتە جیاوازەکان تەنیا لەم جیهانی ئەزموون و دنیای کات و شوێنەدا، واتە لەو دنیایەی کە لە بەرچاوە، دروستە لە دەرەوەی ئەم جیهانە، مانای نییە کە کەسێک بڵێ شتێک لەگەڵ شتێکی تردا جیاوازی هەیە، کەواتە لە دەرەوەی ئەم جیهانە ئەزموون هەرچیەکبێت، بەناچاری فەرق و جیاوازی تیایدا گونجاو نییە شۆپنهاوەر بەم بەڵگاندنە دەیەوێت نیشانیبدات کە کانت هەڵە دەکات کە لە بارەی شتەکانەوە قسەدەکات، بەوجۆرەی کە لە خودی خۆیاندان، و لە دەرەوەی ئەم دنیایە هەرچیەک هەبێت، خاڵییە لە دابەشبوون و جیاوازی ئەو هەنگاوەی کە ئەو نای، بەوەی بڕیاریدا ئەم بابەتە لەگەڵا یەکێ لە باوەڕە بنەڕەتیەکانی ئاینی بودایی و ئاینیی هندۆسی گرێداوە، هەنگاوێکی بەرز بوو پەیڕەوانی ئەو ئاینانەش باوەڕیانوایە کە لە پشت ئەم جیهانی فینۆمینە لەگەڵا ئەم هەموو جیاوازی و هەمەچەشنییە، شتێکی خاڵی لە هەر جۆرە دابەشبوون و جیاوازییەک هەیە، کە ئەم دنیا نیشانە یان رواڵەتی ئەوە، بەڵام ئەوەی لە هەموان زیاتر سەرنجڕادەکێشێت ئەمەیە، کە شۆپنهاوەر ئەم باوەڕی لە هندۆسەکان یان بوداییەکانەوە وەرنەگرتووە، بەڵکو بەدواداچوون و توێژینەوە کە دامێنەکەی سەراپای رسکی سەرەکی فەلسەفەی خۆرئاوای گرتوەتەوە- واتە بیروڕای دیکارت و سپینۆزا و لابنیز و لۆک و بارکلی و هیوم و کانت - و بەوەبەرهێنانی ئەو توێژینەوەیە بە کۆمەکی هەندێ بەڵگەی ئەقڵانی کە بنەمای ئەو رسکەیە، بەم باوەڕە گەیشتووە.

کاپلستان: بەمجۆرە وادێتە بەرچاو کە ئەگەر کەسێک لە پێشەکیەکانی کانتەوە دەست پێبکات - هەڵبەتە من بۆخۆم کاری لەو جۆرە ناکەم، بەڵام ئەگەر کەسێکبیکات - لەو حاڵەتەدا قسەی شۆپنهاوەر راستە، چونکە هەر کە پێشەکیەکانی کانت قبوڵ بکەین، ئیتر بەڕواڵەت رێگەیەک بۆ جیاکردنەوەی شتەکان لە یەکتر نامێنێتەوە مەگەر لە جیهانی فینۆمینەدا ئەگەر واقیعیەتی بنەڕەتی پاشکۆی پەیوەندیەکانی کات و شوێن و گرەوی پەیوەندی هۆکاری

نەبێت - واتە ئەگەر مانا نەداث کە کەسێ بۆ نمونە بڵێ ئەمە ئێرەیە نەک ئەوێ – پێویسث دەکاث کە تەنها واقیعەتێکی بنەڕەتی بوونی هەبێث و بەس لەبارەی ئاینیی هندۆسەوە، پێویستە ئاماژە بەوەبدەین، کە هەروەکو خۆشتان زانیاریتان هەیە، چەند پێکهاتەی جیاواز لە فەلسەفەی هندۆسیدا بوونی هەیە کە هەندێک لە شوێنکەوتوانی باوەڕیان بەفرەیی (پلۆرالیزم) هەیە، تەنانەث لە خودی رێبازی (وداتنا) سێ فەلسەفەی جیاواز بووە، بەڵام بەهەرحاڵ دروستە کە ئەندێشەی شۆپنهاوەر لە هەندێ رووەوە بە دیارترین شێوەی فەلسەفەی وداتنا- واتە ئاینی ((ئەدوایتا)) ( یا وداتنای دوور لە دوانەپەرستی) دەچێ بەڵکو لە داهاتوودا دەرفەتێک بێتەپێش کە دیسانەوە بچینەوە سەر ئەم بابەتە.

**سەرچاوە:**

-اندیشمندان فلسفە غرب - براین ماگی



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

## لـەبـــارەی ژنـــانـــــەوە

ئارســەر شۆپینهاوەر
لە ئینگلیزییەوە: ئاوات ئەحمەد سوڵتان

**وتەیەک:**

مەبەست لە وەرگێڕانی ئەم وتارە، ئاشنابوونی خوێنەرە بە بیرکردنەوەی ئەم فەیلەسوفە لەبارەی رەگەزی مێینەوە، تەنها وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی نە وەرگێڕو نە گۆڤاری ئایدیاوالآش لە بۆچوونەکانی ناوی بەرپرسیار ناکات. بگرە لە زۆر جێگادا، رامان بە تەواوەتی پێچەوانەی بۆچوونەکانی شۆپینهاوەرە.

وەرگێڕ

بە بۆچوونی من، ئەم وشانەی جۆی، "گومان لـەوەدا نییە کە ژنان لە شوێنێکی زۆر نزیکی کۆتاییەوە گەیشتوونەتە سەر رێگای نەهامەتی و تازە بواری حەوانەوەیان بۆ نەماوەتەوە.» زۆر لە هۆنراوەکەی شیلەر پلەو پایەی ژنان باشتر وەسفی ژنان دەکات، کە بەرهەمی بیرکردنەوەیەکی زۆر وریانانەیەو کەمەندکێشمان دەکات، ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی ناکۆکی و دژە تێزەوە. بایرۆنیش بەشێوەیەکی پاراوتر لە (ساردانپالۆس)ەکەیدا، بەشی یەکەم، بڕگەی دووهەم، گوزارشتی لێکردووە:

سەرەتای زۆر زووی ژیانی مرۆڤ
لە مەمکی ژنەوە پژا
وشە بچووکەکانی سەرەتاتان لە دەمی ئەوەوە فێر بوون
یەکەمین فرمێسکەکانت ئەو سڕیونی، ئەو دواهەمین ئاهت هێوردەکاتەوە
زۆر جار هەناسەت بە گوێی ئافرەتدا گوزەردەکات
کاتێک پیاوان نامەردانە لەو پەروندەیە دزەدەکەن
ئیتر چاوەڕوانن بەرەو دوا ساتەکانیان ببرێن

هــەردوو بڕگەکە گۆشەنیگای دروســت لەبارەی نرخاندنی ژنانەوە پیشاندەدەن.

ئەوەندە بەسە بڕوانینە شێوەی ژنێک تا بۆت دەربکەوێت کە ئەو بۆ کاری

قورس نەڕەخساوە، چ هرزیی بێت یان جەستەیی. ژن بەوەی دەیچێژێت قەرزی ژین دەداتەوە، نەک بەوەی دەیکات - بە ژانی منداڵبوون، بەخێوکردنی منداڵ، ملکەچبوون بۆ پیاو، کە دەبێت هاوەڵێکی بەئارام و نیان بێت بۆی. پەژارەو شادیی گەورە بۆ ئەو نەهاتوون، نمایشکردنی گوڕوتینی زۆر کاری ئەو نییە؛ ژیانی ئەو زۆر نەرمتر رێدەکات، وەک پیاو تۆڵەسێن نییە، بێ ئەوەی ئافرەتلە بنەڕەتدا کامەران یان خەمبار بێت.

❊ ❊ ❊

ژنان بۆ ئەوە رەخساون کە ببن بە سستەرو پەروەردەکەری سەرەتای منداڵیمان، ئەوەش لەبەر هۆیەکی سادە، ئەوان خۆیان منداڵن، گەمژەن، کورتبینن - بەکورتی، بەدرێژایی ژیانیان منداڵی گەورەن، شتێکی ناوەندن لەنێوان منداڵ و پیاودا، پیاو بە مانای وردی وشەکە. بڕوانە کچێکی جاحێڵ رۆژانە یاری بە لەیستۆکی منداڵان دەکات، سەمای لەگەڵ دەکات و گۆرانی بۆ دەڵێت؛ پاشان بڕوانە، ئەگەر پیاو بە خۆی و هەموو خواست و نیازەکانییەوە لە دونیادا، بخرێتە جێگای ئەو، چی لەدەست دێت.

❊ ❊ ❊

سروشت بۆ کچان ئەوەی لە بەرچاوگرتووەکە پێیدەوترێت مانای دراماتیکی "کاریگەریی بەرچاو" چونکە ئەوەن ژیانی خۆیان دەبەخشن بە چەندساڵێکی کەمی جوانی و قەشەنگی، لەپاڵ سۆزوبەزەییەکی زۆردا، دیارە ئەمەش لەسەر حیسابی باقی ماوەی ژیانی خۆیان؛ بۆیە کچان لە ماوەی ئەو ساڵانەدا بەس خەمی ئەوەیان هەبێت کە سەرنجی پیاو بەلای خۆیاندا رابکێشن، تا پیاوان بەهەڵەداوان شەرەفی لەخۆگرتنی ئەوان بخەنە ئەستۆی خۆیان، ئیتر بە هەر شێوەیەک بێت، بۆ ماوەی ژیانیشیان وا بمێننەوە - ئەمە هەنگاوێکە کە ئەگەر بە تەنها لە رووی مادییەوە سەیری بکەین پاساوێکی ئەوتۆی نادرێتەوە، سروشت ژنیشی وەک باقی خوڵقێنراوەکانی تری تەدارەک کردووەو چەک و ئامڕازی پێویستی پێداوە تا بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە پێویستە پارێزگاریی لە بوونی خۆی بکات، سروشت ئابوری خۆی پێداوە. رێک وەک چۆن مێیەی مێرولە دوای جووتبوون باڵەکانی دەوەرن، بەوەش کەڵکێکی ئەوتۆی نامێنێت، بگرە واشی لێدێت مەترسی هەبێت

بۆ پرۆسەکانی پەروەردەکردن. ڕەنگە لەبەر هەمان هۆ بێت، کە ژن دوای بوونی منداڵێک یان دووان بەشی زۆری جوانییەکەی خۆی لەدەستدەدات.

پاشان، دەبینین کە کچانی جاحێڵ لە ناخی خۆیاندا، کاروباری ناو ماڵ یان هەندێک کاری دیکە بە لاوەکی دادەنێن، بگرە بە گاڵتەو گەمەی ئێدەگەن. ئەوین داگیریان دەکات و هەموو شتەکانی وەک خۆگۆڕین، سەما و هیتر، لای ئەوان جێگای بایەخدانێکی زۆرە.

❊ ❊ ❊

نایابترین و کامڵترین شت کە دواترو بە هێواشی ڕوودەدات، بریتییە لە قۆناغی پێگەیشتن. پیاو لە تەمەنی بیست و هەشت ساڵیدا پێدەگات و توانا ئەقڵییەکانی کامڵدەبن؛ بەڵام ژن لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا دەبێت؛ چونکە سنورەکانی ئەقڵی زۆر تەسکن، هەربۆیەشە ژنان بە درێژایی ژیانیان هەر بە منداڵی دەمێننەوە، ئەوان بەردەوام هەر ئەوە دەبینن کە حازربەدەستە، باوەشیانکردووە بە ئێستادا، ڕووکەشی شتەکان وەک ڕاستی دەبینن، ئەوەی پڕووپووچە لای ئەوان زۆر گرنگە. پیاو بە هۆی توانا هزرییەکانییەوە بە تەنها لە ئێستادا ناژی، وەک گەمژەکان وادەکەن، بەڵکو چاودێریی ڕابردوو و ئایندەش دەکات و بیریان لێدەکاتەوە. لەمەشەوە دیدە ڕوونی، گرنگیدان، نیگەرانی هەڵدەقوڵێت، کە لایەنی چاک و خراپی خۆی هەیە. ئیتر ژنان لە ئەنجامی لاوازی ئێروانینیاندا، بەشدارییان لەوەدا کەمە. زیادلەوەش، ژن لە ڕووی هزرییەوە کورتبینە، چونکە گەرچی زوو درک بەو شتانە دەکات کە لێوەی نزیکن، بەڵام بازنەی بینینی تەسکەو هیچ شتێکی دوور نابینێت؛ بۆیە هەر شتێک کە نادیار بێت، یان ڕابردوو بێت، یاخود کەوتبێتە ئایندەوە، کاریگەریی لە سەر ژنان لە چاو پیاواندا کەمترە. هەربۆیەشە ژنان دەستبڵاوترو موسریفترن لە پیاوان، کە هەندێجار دەگاتە لێواری شێتی. ژنان لە ناخی خۆیاندا وەها بیردەکەنەوە، کە دەبێت پیاوان خەریکی پەیداکردنی پارە بن بۆ ئەوەی ئەمان بتوانن خەرجی بکەن، دیارە ئەگەر شیا لە ژیانی هاوسەرەکانیاندا سەرفی بکەن، بەڵام بە دڵنیایی دوای مردنی ئەوان، ژنان وەها دەکەن.

هەرئەوەندەی پیاو دەسکەوتەکانی خۆی پێدان بۆ بەڕیوەبردنی ماڵ،

یەکسەر ئەم بۆچوونە لای ژنان دەچەسپێت. گەرچی ئەمە گەلێک زیانیشی هەیە، بەڵام ئەم سوودەی تێدایە – ژن لە پیاو زیاتر لە ئێستادا دەژی، ئەویش چێژ لەمە وەردەگرێت بۆی پەرۆشە. ئەمەیە چاوگی ئەو گوشادییەی کە ئافرەت هەیەتی و وایلێدەکات پیاو رامبکات و لەکاتی پێویستدا بە تەنگییەوە بێت. راوێژکردن بە ژنان مەسەلەیەکی گرانە، وەک ئەڵمانەکان لە سەردەمە دێرینەکاندا رایان وابوو کە نابێت بەهیچ جۆرێک زیاد لە بەهای خۆی بدرێتی؛ چونکە شێوازی ژنان لە تێڕوانیندا بۆ شتەکان بە تەواویی لە هی ئێمە جیاوازە، بەشێوەیەکی سەرەکی، چونکە ئەوان حەزیان لە کورترین رێگایە بەرەو مەبەست، ئاگایی خۆیان دەخەنە سەر ئەوەی کە لێیانەوە نزیکە؛ لەکاتێکدا کە ئێمەی پیاوان، پشتەوەی دەبینین، لەبەر هۆیەکی سادە، شتە نزیکەکان ئەوەتان لەبەر لوتماندا؛، بۆیە شتێکی گرنگە بۆ ئێمە کە بگەڕێینەوە بۆ دواوە بۆ لای شتەکە، بۆ ئەوەی تێڕوانینێکی نزیک و سادەی لەبارەوە پەیدابکەین. هەربۆیەشە ژنان لە داوەریکردنیاندا لە ئێمە واقیعییانەترن؛ هەربۆیەشە ئەوان لەوە زیاتر نابینن کە بەڕاستی لەوێیە؛ لەکاتێکدا کە ئێمە، ئەگەر هەستەکانمان بهەژێن، کەمێک زیادەڕۆیی دەکەن، یان لە ئەندێشەی خۆمانەوە بۆیان زیاددەکەین.

لەبەرئەوەی توانستی بیرکردنەوەی ژن لاوازە، بۆیە لە پیاو بەسۆزترن، بەوەش گرینگییەکی زۆر دەدەن بە پیاوان. لە لایەکی تریشەوە، لە مەسەلەکانی دادپەروەری، شەریفیی، هەروەها هوشیاریی و ویژداندا، ژنان لە خوار پیاوەوەن. دیسانەوە هەر لەبەرئەوەی کە بەهرەی بیرکردنەوەیان کزە، ئەو شتانەی روون و بەرچاون، سەر بە ئێستان، ئەوانە زیاترکاردەکەنە سەر ژنان، ئەوەندە گوێنادەنە بیروبۆچوونە ئەبستراکتەکان، یان دروشمە چەسپاوەکان، یاخود بڕیارە تۆکمەکان، بەشێوەیەکی گشتی، ئەوەی دەچێتەوە سەر رابردوو یان داهاتوو، ئەوە بزرو دوورەدەستە. بەمپێیەش، ئەوان خاوەنی سەرچاوەو بنەڕەتی سەرەتایی فەزیلەتە، بەڵام توانستەکانی دوای ئەوەیان نییە کە پێویستن بۆ پەرەپێدانی. دەتوانین ژن بەراورد بکەین بە بوونەوەرێکی زیندوو کە خاوەنی جگەرە، بەڵام رژێنی زراوی تێدا نیە. هەربۆیەشە هەڵەی بنەڕەتی لە ژندا ئەوەی کە خاوەنی هەستی دادپەروەریی نییە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەموکورتی توانستی بیرکردنەوەیان، کە

پێشتر ئاماژەی پێدرا، لەگەڵ کەموکورتی تواستی تێرامان تێیاندا، بگرە بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راستییەی کە سروشت کردوونی بە رەگەزە لاوازەکە، نەکبۆ ئەوەی پشت بە هێزو تین ببەستن، بەڵکو فرتوفێڵی پێداون؛ ئەمەشە هۆی ئەوەی کە ئەوان هەر بە غەریزە مەکربازن، هەروەها ئارەزوویەکی لەبننەهاتووی درۆکردنیشیان هەیە. وەک چۆن شێر چنگ و کەڵبەی پێدراوە، فیل خەرتومی هەیە، ورچ چنگی هەیە، گا قۆچی هەیە، ئەختەبووت شلەیەکی رەشی مەرەکەبیی هەیە، سروشت ژنانیشی وا ئامادەکردووە کە بۆ داکۆکی لە خۆیان بەهرەی فریودان بەکاربهێنن، ئەو هێزەش کە سروشت بە پیاوی داوە، لە شێوەی توانای جەستەیی و هزرییدا، لە توانای فریودان و لە خشنەبردندا بە ژین داوە، بۆیە فریودان و مەکربازیی شتێکی رەمەکییە لەژندا، کە بە زۆریی هەم گەمژەییشەو هەم زرنگیش. بەمپێیەش، شتێکی سروشتییە بۆ ژنان لە هەموو دەرفەتێکدا دوو روویی بنوێنن، وەک چۆن گیانەوەرەکانی تر بە چەکەکانیانەوە رووبەڕووی هێرش دەبنەوە؛ کە ئەمەش دەکەن وا دەزانن مافی خۆیان بەکاردەهێنن، بۆیە ئەو ژنەی کە بە تەواوەتی جێگای متمانە بێت و فێڵ و فەرەج بەکارنەهێنێت، وەک مەحاڵ وایە، هەربۆیەشە ئەوان زۆر بە سانایی ئەوانیتر فریو دەدەن؛ بەکارهێنانی فێڵیش لەگەڵیان شتێکی ژیرانە نییە. ئیتر لەو ناتەواوییە بنەڕەتییەوە کە باسکرا، هەروەها هەموو ئەو شتانەی تریشەوە، ساختەکاریی و بێباوەڕی، ناپاکیکردن، بێوەفایی و سپڵەیی و شتی تریش هەڵدەقوڵێن. زۆرجار لە دادگاکاندا ژنان زۆر لە پیاوان زیاتر بە شایەتی درۆ تاوانباردەکرێن. لێرەدا پێویستە بە گشتی لەوە بکۆڵینەوە ئایا دەبێت بوار بدرێت ژنان سوێند بخۆن. ناوبەناو لە هەموو جێگایەک حاڵەتی دووبارە دەبینین کە تێیاندا خاتوونەکان، کە بێ ئەوەی پێویستیان پێبێت، لە فرۆشگاکاندا شت دەدزن.

* * *

سروشت پیاوانی لاوی بەگوڕو قۆزی دروستکردووە، بۆ ئەوەی نەژادی مرۆڤ بڵاوبکەنەوە؛ بۆ ئەوەی چەشنەکە بنەبڕ نەبێت. ئەمە ئیرادەی نەگۆڕی سروشتە، گوزارشتی خۆشی لە هەواوهەوەسی ژناندا دەدۆزێتەوە. ئەم یاسایە لە هەموو سەردەمێکدا دەکەوێتە سەرووی هەمووانەوە، کەواتە وای بۆ ئەو



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

پیاوەی بەشێوەیەکی وەها ماف و بەرژەوەندییەکان دادەڕێژێت کە لە دەرەوەی ئەمە بێت، چونکە ئەو هەرچی بکات و بڵێت، ئەوە هەر لە سەرەتاوە کارەکانی پووچەڵدەبنەوە، چونکە ئاکاری شاراوەی نەڕسکاوی نائاگایانەی ژن برینییە لە: ئێمە بۆمان هەیە کە ئەوانە فریوبدەین کە گرنگییەکی کەم بە ئێمە دەدەن و خۆیان بە سەروەری چەشنەکە دادەنێن. ئاگادارییکردن و خۆشگوزەرانی چەشنەکە بەدەست ئێمەیە، متمانە دراوە بە ئێمە تا ئەو نەوەیە پەروەردە بکەین کە لەخۆمان کەوتۆتەوە کەوانە با هوشیارانە ئەرکی خۆمان ڕابپەڕێنین.

بەڵام ژنان بە هیچ جۆرێک ئاگاداری ئەم پرەنسیپە بنەڕەتییە لە رووە پەتییەکەیدا نین، بەڵکو تەنها لە رووە مادییەکەیدا دەیبینن، هیچ رێگایەکی تریشیان نییە بۆ گوزارشتکردن لێی، کاتێک کە لە دەرفەتی گونجاودا هانای بۆ دەبەن.

بۆیە بەقەدەر ئەوەی ئێمە ئەندێشەی دەکەین، ویژدانیان ئازاریان نادات، چونکە لە قوڵایی تاریکی دڵێناندا، ئاگادارن لەوەی ئەرکەکانی خۆیان بەرامبەری ئەو تاکە پێشێلدەکەن، کە باشتروابوو لە پێناوی چەشنەکەدا خزمەتی بکەن، کە داوای ئەو بەسەریانەوە زۆر لەوە زیاترە. (دەتوانن لە بەرگی دووهەم، نەسکی (44) ی کارە سەرەکییەکەمدا (جیهان وەک ئیرادەو وێناکردن) رونکردنەوەی زیاتری ئەمە بەدەستبهێنن.

لەبەرئەوەی ژنان بۆ پاراستنی چەشن هەن، چارەنوسیان لێرەدا کۆتایی دێت، بۆیە زیاتر بۆ چەشنەکە دەژین نەک وەک کەسی تاک، دڵی ئەوان بەرەو چەشنەکەیە زیاتر لەوەی بەرەو کەسی تاک بێت. ئەمەش وادەکات بوون و کاراکتەری ئەوان سەرکەشی و گێلایەتی بێت، هەمووشی بەسەریەکەوە مەیلێک بێت بەرەو جیاوازی بنەڕەتی لە پیاو؛ تەشەنە دەکات و ژیانی هاوسەرێتی لێ تاڵ دەکات، کە خۆی حاڵەتێکی زۆر ئاسایی و بەرچاوە.

شتێکی سروشتییە کە هەستی بێمۆبالاتی و بێباکی لەناو پیاوانیشدا هەبێت، بەڵام لەناو ژناندا دوژمنایەتی راستەقینە هەیە. رەنگە ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بێت کە لە حاڵەتی پیاواندا رقەکە کورت بووبێتەوە بۆ کاروباری ژیانی رۆژانە، بەڵام لە ژناندا، تەواوی رەگەزەکە دادەگرێت؛ چونکە ئەوان تەنها یەک جۆرە کاریان

هەیە. تەنانەت کاتێک لەسەر شەقام پێکدەگەن، وەکو دوو نەیار دەڕواننە یەک. ئەوە شتێکی زۆر روونە کە کاتێک دوو ژن بۆ یەکەمینجار ئاشنای یەک دەبن، دووڕوویی و ریایی لەنێوانیاندا زۆر زیاتر لە دوو پیاو لە رەوشی هاوشێوەدا. هەربۆیەشە یەکترییناسینی دوو ژن زۆر لە هی دوو پیاو گاڵتەجاڕترە. زیادلەوەش کاتێک پیاوێک ئەوانیتر دەناسێنێت، تەنانەت ئەگەر لە خوار خۆشییەوە بن، بە هەستێکی گرنگیدان و مرۆییانەوە، دەیکات، کەچی دەبینین خانونێکی خاوەن پایە، بەشێوەیەک لەگەڵ خوارخۆیدا (ئەگەر خزمەتکاریشی نەبن) رەفتاردەکات، کە بەرگەی ناگیرێت. رەنگە هۆی ئەمە ئەوە بێت کە پلەو پایەی ژنان زۆر جێگای گومانە لە چاو هی پیاواندا. سەرنجامیش زۆر بە خێرایی رەفتاری خۆیان دەگۆڕن و مشتوماڵی دەکەن، یاخود هۆکەی ئەوە بێت کە لەکاتێکدا شتەکان دەبنە جێگای بایەخی ئێمە، ئەوە تەنها یەک شت دەبێتە جێگای هەڵسەنگاندنمان، واتە ئەوەی کە گرنگیی پێدەدەین، لەوانەشە، هۆیەکەی ئەوەی بێت کە سروشتی تاکرەهەندانەیان پەیوەندی نزیکتر بخوازێت لەچاو هی پیاواندا؛ بۆیە هەوڵدەدەن جیاوازیی پلەوپایەکانیان بخەنە روو.

***

تەنها ئەو پیاوەی کە رەمەکی سێکس هزری داگیرکردووە، دەتوانێت ناوی رەگەزی یەکسان لەو رەچەڵەکە قەزەم، ناوشان تەسک، سمت گەورە، قاچ کورتە بنێت، چونکە تەواوی رەمەکی جوانی رەگەز لەسەر ئەم رەمەکە راوەستاوە. رەنگە ئەوە پاساوی زیاتر بێت کە ناویان بنێین رەگەزە ناشرینەکە نەک جوان. نە لەمۆزیک و نە لە شیعردا، نە لە هونەرە جوانەکاندا، ئەمانە هیچ مانایەک یان گرنگییەکیان نییە، ئەگەر هیچ کاریگەرییەکیشیان هەبێت، مایەی گاڵتەجاڕی و شەهوەتبازییە.

ئەمەش وادەکات ژنان نەتوانن گرنگییەکی بابەتییانە بە هیچ شتێک بدەن، پێموابێت هۆی ئەوەش، ئەمەی خوارەوەیە. پیاو هەوڵدەدات لە رێگای تێگەیشتن و تێڕامانەوە راستەوخۆ شتەکان بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، بەڵام ژن هەمیشەو لە هەموو شوێنێک ناڕاستەوخۆ سەرداره، واتە لە تۆیی پیاوەوە؛ هەوڵی راستەوخۆی ژن بە ئاڕاستەی پیاوە، بۆیە ژن سروشتی ژن وایە کە هەموو شتێک بکات بۆ

ئەوەی پیاو بباتەوە، گرنگیدانی ئەو بە هەر شتێکی دی، هەمیشە رووکەشە، رێگایەکی پێچاوپێچە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، نازومەکرفرۆشتنە. لەمبارەیەوە رۆسۆ دەڵێت «ژنان بە گشتی حەزیان لە هیچ هونەرێک نییە، شارەزای هیچ نین و هیچ بلیمەتییەکیان نییە. نامەیەک بۆ دالامبێر(د). هەرکەسێک بتوانێت لە تویّی فرتوفێڵەکانیانەوە بڕوانێت، دەبێت بۆی دەرکەوتبێت کە حاڵەتەکە ئەمەیە. تەنها ئەوەندە بەسە کە بڕوانینە شێوازی رەفتارکردنی ژنان لە کۆنسێرتێک، ئۆپێرایەک یان شانۆییەکدا؛ درک بە منداڵێتی و ساویلکەییان دەکەین، ئەوانە لە کاتی نایابترین بڕگەو دیمەنەکاندا، هەر خەریکی چەنەبازیین و گوێ نادەنە ئەو کارە مەزنانە. ئەگەر ئەوە راست بێت کە یۆنانەکان لێنەگەڕابن ژنان بچن بۆ سەیری شانۆیی، ئەوە هەقی خۆیان بووە، چونکە بەوە دەتوانن گوێبیستی شتێک بن. لە رۆژانی خۆماندا، شتێکی زۆر لەبارتر دەبێت ئەگەر جێگەی دەستەواژەی «پێویستە لە کەنیسە ژنان بێدەنگ بن» بە دەستەواژەی «پێویستە لە شانۆ، ژنان بێدەنگ بن» بگرینەوە. رەنگە باشتر وابێت وەک نامەیەکی گەورە بە پەردەکەدا هەڵیبواسین.

ئەگەر ئەوەمان لەبیر بێت کە سەرجەمی رەگەزی ژن هیچ شتێکی لەبواری هونەرە جوانەکاندا ئەنجامنەداوە کە بە ڕاستی مەزن، بلیمەتانە، رەسەن بێت، یان بیرمان بێت کە ئەوان هیچ کارێکی بەهاداریان پێشکەشی جیهان نەکردووە، ئەوە هیچ قسەیەکی لەوە جیاواز ناکەین. ئەمە لە بواری وێنەکێشاندا زۆر ئاشکرایە، گەرچی تەکنیکی ئەم هونەرە لەبەردەستی ئەوانیشدایە وەک ئێمە، هەربۆیەشە زۆر خۆیانی پێوە ماندوو دەکەن، کەچی تا ئێستا یەک دانە نیگاری مەزنیان نییە تا بیخەنە روو، لەبەر هۆیەکی سادە، ئەوان هزریان بابەتییانە نییە، کە ئەمەش لە نیگارکێشاندا زۆر پێویستە. ئەوان هەمیشە ئالودەی ئەو شتانەن کە خودییانەنە. لەبەر ئەم هۆیە، ژنانی ئاسایی بە هیچ جۆرێک توانای وێنەکێشانیان نییە، چونکە سروشتی ئەوان ئاواهییە. هۆراث لە کتێبە نێودارەکەیدا (هەڵسەنگاندنی بلیمەتی) کە بۆ ماوەی سێسەد ساڵ شۆرەتی هەبوو، باس لەوە دەکات کە ژنان خاوەنی توانستی بڵند نین. ئاوارتەی تاکوتەرا مەسەلەکە ئاوەژوو ناکاتەوە؛ ژنان هەر هەموویان پێکەوە، بە قووڵی بێزەوق و چەشەی هونەری بوون و

هەرواش دەمێننەوە، هەروەها هەر بە هۆی ئەو گەمژەییەشیانەوەیە کە نازناوی هاوسەرەکانیان هەڵدەگرن و بەوەش دەبنە هەڵگری هەر خەوش و نەنگییەک کە تێیدا بێت. زیاد لەوەش لەبەرئەوەی بێزوەقن، ئەوا لە کۆمەڵگای مۆدێرندا گەندەڵ بوون و بۆگەنیانکردووە. دەبێت دروشمەکەی ناپلیۆن بەرامبەریان بەرزبکەینەوە «ژنان هیچ پلەیەکیان نییە» بۆیە دەبێت وەک شتی تر بۆیان بڕوانین. چامفۆرث دروستی وتووە: «ئەوان بۆ ئەوە دروستبوون کە لەگەڵ لاوازییەکانمان، گەمژەییماندا مامەڵە بکەن، نەک لەگەڵ ئەقڵماندا. پیاوانێکیش هەن بە توێکڵ سەرسامن و سەراسیمەی ڕۆح و دەرون و کاراکتەر نین»(٥). ژنان شوێنکەوتەی ڕەگەزەکەی ترن، ڕەگەزی دووهەمن لە هەموو روویەکەوە، بۆیە لاوازیی ئەوان قابیلی بەهەندوەرگرتنە، بەڵام حورمەتگرتنی زیادلەپێویستی ژنان مەسەلەیەکی بێمانایە، بگرە هەر لە دیدی خۆیانەوە نزمییە. کاتێک سروشت چەشنی مرۆڤی دابەشکرد بۆ دوو بەش، ڕێک لە ناوەڕاستەوە لەتی نەکرد! بەپێی مێتۆدی جەمسەرگەرایی دژ، جیاوازیی نێوان جەمسەری پۆزەتیڤ و جەمسەری نێگەتیڤ، بە تەنها لە رووی چەندێتییەوە نییە، بەڵکو چۆنێتیشە. لەبەر ئەم ڕۆشناییەشدا کە گەلانی دێرینی خۆرهەڵات مامەڵەیان لەگەڵ ژن کردووە؛ ئەوان لە ئێمە باشتر پلەوپایەی خۆیان پێداوە، بەو بۆچوونە فەرەنسییە کۆنانەمانەوە لەمەڕ دلاوەری و ستایشکردن، کە باڵاترین بەرهەمی گەمژەیی مەسیحی - تۆتۆنییە. ئەم بۆچوونانە بەس بۆ ئەوە باش بوون کە ژنان والێبکەن لوتبەرزو لەخۆبایی بن، بە ڕادەیەک کە مەیمونە پیرۆزەکانی بینارێسمان یاددەخەنەوە، کە لە ئاگاییاندا بە پیرۆزی و بەرزیی خۆیان، وا هەستدەکەن کە دەتوانن حەزیان لە هەرچی بێت، بیکەن.

لە خـۆراوا، ژن، یان با بڵێین "خاتوون" خۆی لە پایەیەکی هەڵەدا دەبینێتەوە، چونکە دێرینەکان بە دروستی ژنیان ناوناوە شوێنکەوتەی ڕەگەزەکەی تر، کە بە هیچ جۆرێک ویقارو نەزاکەتی تێدا نییە، یان مایەی ئەوە نییە کە سەری لە هی پیاو بەرزتر بێت و هەمان ئەو مافانەی هەبێت کە ئەو هەیەتی. دەرەنجامەکانی ئەم پایەهەڵەیە زۆر روونن. بۆیە، شتێکی زۆر پەسەند دەبێت بۆ ئەم مرۆڤە ژمارە دووانەی ئەوروپا کە پایەی سروشتیی خۆیان پبدرێت، خاتوونی-

سکاڵاکەریش دەسبەرداری ببێت، کە لە هەموو ئاسیادا، نەک هەر نییە، بەڵکو لە یۆنان و رۆمانیشدا هاوشێوەی ئەوان هەر نەبووە. ئەنجامی ئەمەش ئەوە دەبێت کە پایەی کۆمەڵایەتی، مەدەنی، هەروەها سیاسیمان، بێسنور پێشدەکەوێت. یاسای سواو چیتر پێویست نییە، چونکە دەبێتە بەڵگەنەویستێکی ناپێویست. راشکاوانە بڵێین، خاتوونی ئەوروپایی، بوونەوەرێکە کە نابێت بە هیچ جۆرێک هەبێت، بەڵکو دەبێت ژنی ماڵ و ئەو کچە لاوانە هەبن کە بەهیوان ببن بەوە، نابێت وەها پەروەردە بکرێن کە فیزیان زل بێت، بەڵکو ماڵی و پاشکۆ بن.

ئەمەش رێک لەبەرئەوەی خاتونانێک لە ئەوروپا هەن کە پایەیان نزمترە، با بڵێین زۆرینەی رەگەزەکەیان، زۆر ناشادترن لەوانەی لە خۆرەڵات هەن. تەنانەت لۆرد بایرۆن دەڵێت (نامەو نوسینەکان، تۆماس مور بەرگی 2 لاپەڕەی 399) تەواوی حاڵەتی ژنان لە سایەی یۆنانە دێرینەکاندا - زۆر قایلکەرانەیە. حاڵەتی ئێستا، کە پاشماوەی بەربەریزمی سوارچاکانەی سەردەمە فیۆدالەکانە - دەسکرد و ناسروشتییە. پێویستە ژنان بیر لە ماڵ بکەنەوە - خۆراک و پۆشاکیان باش بێت بەڵام نابێت تێکەڵی کۆمەڵگە بکرێن، هەروەها دەبێت پەروەردەی ئایینیشیان باش بێت بەڵام نابێت نە هۆنراوەو نە سیاسەت بخوێننەوە - هیچ شتێک جگە لە کتێبەکای پاکیزەیی و چێشتلێنان. مۆزیک - نیگارکێشان - سەما - هەروەها ناوبەناویش کەمێک باخەوانی و وەرزێری بکەن. من بینیومن کە لە ئیپیرۆس سەرکەوتووانە رێگاوبان چاک دەکەن. بۆ نا، با لەپاڵ پووشکێشان و مەڕدۆشیندا ئەوەش بکەن؟

***

لەم بەشەی ئێمەدا لە جیهان، کە تێیدا تاکژنی کاری پێدەکرێت، هاوسەرگیریکردن مانای لەتکردنی مافەکان و دووهێندەکردنەوەی ئەرکەکانە. کاتێک یاساکان هەندێک مافیان بۆ ژن زامن کرد، دەبوو تواستی بیرکردنەوەی نێرانەشیان پێبدایە. بە پێچەوانەوە ئەو ئیمتیازو شەرەفەی یاساکان داویانە بە ژن، ئەو سنورە دەبەزێنێت کە سروشت بۆی داناون، بۆیە ژمارەی ئەو ژنانەی بە ڕاستی ئەو ئیمتیازەیان هەیە، کەمیکردووە؛ لەبەرئەوە زۆرێکیان لەو مافە سروشتییانە بێبەش دەبن، بۆ ئەوەی هەندێکیان ببنە خاوەنی زیاتر لەوەی کە



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

سروشت بۆی تەرخانکردوون.

پایەی ناسروشتییانەی ئیمنیازداریی کە دامـەزراوەی تاکژنی، هەروەها یاساکانی هاوسەرگیری، بۆ ژنیان دابینکردووە، کە لەوێدا بە هاوتای تەواوی پیاو دادەنرێت، کە بە پیاوانی داناو زرنگ، بەهیچ جۆرێک ناتوانن بەرلەوەی قوربانییەکی زۆر بدەن، لەگەڵیدا هەڵبکەن و بەم رێوشوێنە نارەوایە رازی ببن، بۆیە لەکاتێکدا لەزۆرینەی میللەتە فرەژنەکاندا، هەموو ژنێک پارێزراوە، لەو شوێنەش کە تاکژنی هەیە، ژمارەی ژنانی شووکردوو سنوردارە، بێشومار ژن بێ پشتیوان ماونەتەوە؛ ئەوانەی سەر بەچینی ژووروون وەک کارەکەری پیر بە تەوەزەلی دەژین، ئەوانەی سەر بە چینی خواروون گیرۆدەی کاری سەخت و دژوار بوون، یان بوون بە سۆزانی، ژیانێک بەسەر دەبەن کە هیچ خۆشییەکی تیا نییەو بەدەریشە لە کەرامەت، بەڵام لە سایەی ئەم بارودۆخەدا، بوونەتە پێویستییەک بۆ رەگەزی نێر؛ بۆیەشە ئەمانە وەک ئامرازێکی تایبەتی وەهان پاراستنی ئەو ژنانەی کە هاوسەریان پەیداکردووە یان دەیانەوێت پەیدای بکەن. تەنها لە لەندەن 80 هەزار سۆزانی هەیە، ئینجا ئەو ژنانە چین کە ئەوەندە بە خێرایی بەم چارەنوسە دزێوە گەیشتوون، جگە لە قوربانی سەر قوربانگای تاکژنی؟ ئەو ژنانەی فڕێدراونەتە ئەم رەوشە زۆر دژوارەوە، هاوسەنگکەرەوەی خاتونی ئەوروپاییە، بە لاف و گەزاف و لوتبەرزییەکەیەوە. لێرەوە تاکژنی سودێکی راستەقینەی بۆ رەگەزی مێ هەیە، ئەگەر وەک گشت وەریبگرین، هەروەها لە لایەکی تریشەوە هیچ هۆیەک نییە، بۆ ئەوەی بۆچی نابێت پیاوێک کە ژنەکەی بەدەست نەخۆشییەکی سەختەوە دەناڵێنێت، یان نەزۆکە، یان سەرەنجام زۆر پیر بووەو بەکەڵکی ئەو نەماوە، ژنێکی دووهەم بهێنێت. زۆرن ئەوانەی روویانکردۆتە فرەژنی لەبەر ئەو هۆیە روونەی کە نارەزان لە دامـەزراوەی ناسروشتییانەی تاکژنی. پێداگرتن لەسەر مافە ناسروشتییەکانی ژن ئەرکی ناسروشتیشی بەسەریاندا سەپاندووە، ئەمەش پێشێلکارییەکە کە ناشادو بێزاریان دەکات. بۆ نمونە، زۆرن ئەو پیاوانەی کە باوەڕیان وایە ئەگەر پایەی کۆمەڵایەتی و سەروەت و سامانییان پارێزراوە، ئیتر هاوسەرگیری شتێکی پەسەند نییە، تا ئەوکاتەی دتوانێت لەگەڵ یەکێکی ناوازەو دەرکەوتوودا گرێبەست دەکەن. ئەوساش پیاو ئارەزوودەکات بە ئیختیاری خۆی و

بە مەرجی جیاواز ژنێک پەیدابکات، ئەویش ئایندەی ژنەکەو منداڵەکانی بپارێزێت. ئەگەر مەرجەکان ئەوەندە دادپەروەرانەو ماقوڵ و گونجاو بن، وا لەژنەکە بکەن دەسبەرداری ئەو ئیمتیازانە ببێت، کە هاوسەرگیری وەک بناغەی کۆمەڵگای مەدەنی، دەتوانێت فەراهەمیان بکات، ئەوا پێویستە تا ئاستێکی گونجاو دەسبەرداری کەرامەتی ببێت و ژیانێکی تەنهایی بسەرببات، چونکە سروشتی مرۆڤ وامان لێدەکات پشت بە بۆچوونی ئەوانیتر ببەستین، بە رێگایەک کە بە تەواوەتی لە بەهای خۆی داماڵراوە. لەکاتێکدا ئەگەر ژن نارازی نەبێت، ئەوە دووچاری مەترسی ئەوە دەبێت کە بەناچاری شوو بە پیاوێک بکات کە حەزی لێناکات، یان ئاکامەکەی بگاتە کارەکەرێکی پیر، چونکە ئەو کاتەی بۆی تەرخانکراوە تا لانەیەک بۆ خۆی پەیدا بکات زۆر کورتە. تێزەکەی تۆماسیۆس (دۆست) لەبارەی ئەم دیوەی دامەزراوەی تاکژنییەوە، زۆر شایستەی خوێندنەوەیە، چونکە پیشانیدەدات کە، لەناو هەموو میللەتاندا، لە هەموو سەردەمەکانی پێش ریفۆرمسازییە لۆسەرییەکە، بوونی دۆستی ژن رێگاپێدراو بووە، نەخێر خۆی دامەزراوەیەک بووە، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان یاسا دانیپێداناوەو هیچ بێکەرامەتییەکی نەداوەتە پاڵێ. ئەم هەڵوێستەشی مابوو هەتا ریفۆرمەکەی لۆسەر، کە بووە هۆی هێنانی هۆکاری دیکە بۆ پاساودانی هاوسەرگیریی ئاینزاکان؛ لەوێوە بەرەی کاسۆلیک نەیوێرا خۆی لەمەسەلەکە دووربخاتەوە.

مشتومڕکردن لەبارەی تاکژنییەوە بێسوودە، پێویستە وەک راستییەک وەربگیرێت کە لە هەموو جێگایەک هەیە، ئەوە بنەمایەکە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە، کەواتە ئەی فرەژنییەکان لەکوێن؟ ئێمە هەموومان هەرچۆنێک بێت بۆ ماوەیەک دەژین، هەمیشەش زۆرینەمان لە فرەژنیدا دەژین، بۆیە وەک چۆن هەر پیاوێک پێویستی بە گەلێک ژنە، هیچ شتێک لەوە دادپەروەرتر نییە کە بواری پێبدەین، نەک ئەوەندە، بەڵکو بشکرێت بە شتێکی تەوزیمی کە چەند ژنێکی هەبێت. مانای ئەمەش گێڕانەوەی ژنە بۆ جێگای گونجاوی سروشتییانەی خۆیوەک بوونەوەرێکی پاشکۆ، پاشان خاتوونیش، کە جانەوەری شارستانێتی ئەوروپایی و گەمژەیی مەسیحی تیوتۆنیکە، بە خۆی و بانگەشە پڕوپووچەکەیەوە بۆ رێزلێنران و ستایشکران، بوونی نامێنێت، بەڵام ژنان هەر دەمێنن، بەڵام ژنانی ناشاد نامێنن، کە ئەوروپای ئێستا پڕێتی لەوانە. گۆشەنیگای مۆرمۆنەکان دروستە.

***

لە هیندستان هیچ ژنێک سەربەخۆ نییە، بەڵکو هەریەکەیان لە ژێر کۆنترۆڵی

باوکی یان هاوسەری، یان برای، یاخود هاوسەریدایە، ئەمەش بەپێی یاسای مانوو.

ئەوە بیرۆکەیەکی قێزەونە کە بڵێین پێویستە بێوەژنان لەبەردەم تەرمی هاوسەرە مردووەکانیاندا، خۆیان بکەن بە قوربانی؛ ئەوەش هەر قێزەونە کە ئەو پارەیەی مێرد بە رەنجکێشان و ئارەقڕشتن بە درێژایی ژیانی پەیدایکردووە، بە نیازی ئەوەی بۆ منداڵەکانی سەرفی بکات، بچێت هەمووی لە ژنە دۆستەکانیدا سەرفبکات. یەکەمین خۆشەویستی بۆ دایکە، ئاژەڵ و مرۆڤیش وان، ئەمە رەمەکێکی پوختەیە، کاتێکیش منداڵەکە چیتر لە رووی جەستەییەوە بەستەزمان و بێدەرەتان نییە، ئەو خۆشەویستییە دەڕەوێتەوە. دوای ئەوە، دەبێت ئەو یەکەمین خۆشەویستییە لەناو خۆشەویستییەکدا شەتڵبکرێتەوە کە بەرمەبنای نەریت و ئەقڵ دامەزراوە، بەڵام ئەمە بە زۆریی روونادات، بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە دایک باوکەکەی خۆشنەویستبێت. خۆشەویستی باوک بۆ منداڵەکانی، سروشتێکی جیاوازی هەیەو راستگۆیانەترە، پیاو خودی ناوەوەی خۆی لە منداڵەکەیدا دەبینێتەوە، بۆیە رەگوڕیشەی ئەم خۆشەویستییە میتافیزیکییانەیە.

لە نزیکەی هەموو نەتەوەکاندا، هی جیهانی کۆن و نوێش، تەنانەت لەنات هۆتێنتۆتەکانیشدا، تەنها نێرەکان دەبنە میراتگر؛ تەنهائەوروپا لەمە جیاوازە. ئەو موڵکەی پیاوان بە زەحمەت و رەنجکێشان و کاری درێژی تاقەتپڕوکێن پەیدایانکردووە، دوای خۆی دەدرێتە دەستی ژنان، ئەوانیش بەپێی ئەقڵی خۆیان، یان لە ماوەیەکی کورتدا تەخشان و پەخشانی دەکەن، یان بە رێگایەکی دی بەفیڕۆی دەدەن، ئەمە بەقەدەر ئەوەی باوە، ئەوەندەش ناڕەواییە، پێویست دەکات بە سنوردارکردنی مافی ژن لە میراتگرتندا، رێگە لەمە بگیرێت.

من وای بۆ دەچم کە بۆ کچان و بێوەژنان وا باشترە، تەنها لە رێگای رەهنکردنەوە پارەی زامنکردنی ژیانیان پێبدرێت، نەک موڵکەکە خۆی یان سەرمایەکە، لە حاڵەتێکدا نەبێت، کە خێزانەکە میراتگری نێری نەبێت. پیاوان پارە پەیدا دەکەن نەک ژنان، بۆیە ژنان مافی وەرگرتنی موڵکی بێمەرجیان نییە، ناشتوانن سەروکاریی بکەن. هەرگیز نابێت ژنان ئازادانە خاوەنی سامان بن، وەک سەرمایە، خانوو، زەویوزار. خۆیان هەمیشە پێویستییان بە پاسەوان هەیە، بۆیە نابێت لە هیچ بارودۆخێکدا ئەوان پاسەوانی منداڵەکان بن.

هەراشیی ژنان، تەنانەت ئەگەر لە هی پیاوان زیاتر نەبێت، ئەم لایەنە

خراپەی هەیە، چونکە بەرەو شتە مادییەکان ئاڕاستەکراوە - با بڵێین، بەپێی جوانیی شەخسی و پاشان بەرمەبنای خۆڕانان و مەکرو دەهۆو چاوبەست. هەربۆیەشە ئەوانە لە کۆمەڵگادا کارو کنەی خۆیان هەر دەکەن. هەر ئەمەش وایانلێدەکات دەستبڵاو بن، بە تایبەتی کە ئەوان توانستی ئەقڵییان لاوازە. لەمبارەیەوە نوسەرێکی یۆنانی دێرین دەڵێت [ئەگەر ئەقڵ نەبێت، جەستە پەرێشانە]. لە لایەکی ترەوە، فیزو خۆپەرستی پیاوان، زۆرجار بە ئاڕاستەی قازانجە نامادییەکانە، وەک بەهرە، فێربوون، جوامێریی، شتی تر. ئەرەستۆ لە "سیاسەت" دا روونیدەکاتەوە کە گەورەترین زیان کە سپارتاییەکان بە خۆیانیان گەیاندووە، ئەوەیە زۆر شتیان داوە بە ژنەکانیان، ئەویش بەوەی مافی میراتی و مارەییان بۆ زامنکردوون، لەگەڵ ئازادییەکی زۆردا؛ کە ئەمە دەستێکی زۆری هەبوو لە رمانی سپارتەدا. ئەی لە فەرەنسا ئەوە کاریگەریی ژنان نییە کە لە سەردەمی لویسی سیازدەوە زیادیکردو بووە هۆی گەندەڵییەکی پلە بە پلەی دادگاو حکومەت کە کۆتاییەکەی بە شۆڕش گەیشت و ئاشوب و پشێوییەکی زۆری نایەوە؟ بە هەرحاڵ، ئەو پایە نادروستەی رەگەزی مێ هەیەتی، بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو لە لایەن "خاتون"ەوە رەتێنراوەو بووەتە هۆی کەموکوڕییەکی بنەڕەتی لە رەوشی کۆمەڵایەتیماندا، ئەم کەموکوڕییەش بە هەموو ئاڕاستەیەکدا کاریگەریی هەیە، چونکە سروشتی گوێڕایەڵانەی ژن لە راستی ئەوەدا روونە کە هەر ژنێک پایەیەکی ناسروشتی پێبدرێت، وەک سەربەخۆیی رەها، ئەوە یەکسەر خۆی دەبەستێتەوە بە پیاوێکەوە، بە هۆی ئەویشەوە کۆنترۆڵدەکرێت و بەڕێوە دەبرێت؛ ئەمەش چونکە ئەو پێویستی بە سەردارێک هەیە. ئەگەر لاو بێت، پیاوەکە خۆشەویستە؛ ئەگەر بەتەمەن بێت ئەوە پیاوەکەی کەشیشە.

**سەرچاوە:**

http://www.theabsolute.net/misogyny/onwomen.html